RJH | Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website
Vol. 13, No. 3 (2026)

Received: 14th January 2026 Accepted: 17th March 2026 Published online:20thSeptember2026

An Analysis of the Text of Sherko Bekas's "Now a Girl Is My Homeland" from the Viewpoint of Anarchist Theory

Ibrahim Mohammed Ibrahim[1] - Barzan Ali Pirot[2]
ibrahim.mohammed@uor.edu.krd - barzan.pirot@uor.edu.krd
[1+2] Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya, Sulaimanyah, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract
This study is titled "An Analysis of the Text of Sherko Bekas's "Now a Girl Is My Homeland" from the Viewpoint of Anarchist Theory. attempts to study this text from the perspective of this theory. Anarchism, as a political and social philosophy, faces all forms of authority and control, the authority of the state, religion, or any other system that discounts freedom and human rights. In a very unintended and artistic method, the author presents many of the concepts that are related with the philosophy of anarchism. This contains rejecting the norms and norms of society that repress people. "Homeland" gets out from a geographical and political situation and becomes an individual and personal concept, which is close to the impression of anarchism, which refuses state authority and fake borders. The significance of this study lies in offering a fresh intellectual and philosophical reading of the text. Beyond conventional interpretations, it highlights the dimensions of liberty and resistance to authority at the intersection of literature and anarchist theory.
The aim of this study: is to analysis poetic language and symbolic terms, to identify the anti-authoritarian magnitudes in the text, and to narrate the poet's ideas to the ideologies of anarchist theory.
The research method: is descriptive-analytical.
Conclusions: The analyses discovered that the poet expresses in this text anti-authority and the thoughts of freedom, equality, co-work, disagreement to personal property and feminism. These ideologies are in line with the principles of anarchism in the dimension of freedom and opposition to the dictatorship of the government.
Keywords: Anarchy, Authority, Freedom, Private Property, Sherko Bekas, Homeland.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

شیکاری دەق "ئێستا کچێک نیشتمانمە"ی شێرکۆ بێکەس
لە ڕوانگەی تیۆری ئەنارشیزمەوە

ابراهیم محمد ابراهیم[1] - بارزان علی پیرۆت[2]
[1+2] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان عێراق.

پوختە
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "**شیکاری دەق "ئێستا کچێک نیشتمانمە"ی شێرکۆ بێکەس لە ڕوانگەی تیۆری ئەنارشیزمەوە"،** هەوڵدەدات ئەم دەقەی شێرکۆ بێکەس لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە شیکار بکات. ئەنارشیزم، وەک فەلسەفەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، دژایەتی هەمو جۆرە دەسەڵات و سەروەرییەک دەکات، دەسەڵاتی دەوڵەت، ئاین، یان هەر سیستەمێکی دیکە بێت، کە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ نادیدەبگرێت. شێرکۆ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و هونەری، زۆرێک لەو چەمکانە دەوروژێنێت، کە لەگەڵ فەلسەفەی ئەنارشیزمدا هاوبەشن. لەوانە: ڕەتکردنەوەی دەسەڵات و چوارچێوە باوەکانی کۆمەڵگە، کە ستەم لە تاک دەکەن. "نیشتمان" لە چوارچێوەیەکی جوگرافی و سیاسی دەرباز دەبێت و دەبێتە چەمکێکی تاکەکەسی و خودی، ئەمەش نزیکە لە بیرۆکەی ئەنارشیزم، کە دەسەڵاتی دەوڵەت و سنورە دەستکردەکان ڕەتدەکاتەوە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە خوێندنەوەیەکی فکری و فەلسەفیی نوێ بۆ ئەم دەقە دەکات و لە دەرەوەی لێکدانەوە باوەکان، ڕەهەندەکانی ئازادیخوازی و دژایەتیکردنی دەسەڵات لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و تیۆری ئەنارشیزمدا دەخاتەڕو.
ئامانجی توێژینەوەکە: شیکاری زمانی شیعری و دەربڕینە سیمبۆلییەکان، ناسینەوەی ڕەهەندەکانی دژە دەسەڵاتە لە دەقەکەدا، پەیوەستکردنی بیرۆکەکانی شاعیر لەگەڵ بنەماکانی تیۆری ئەنارشیزم. میتۆدی توێژینەوەکە: میتۆدی (وەسفیی شیکاریی)ە. ئەنجامە بەدەستهاتوەکان: شیکارییەکان ئاشکرایان کردوە، شاعیر لەم دەقەدا دژە دەسەڵات و چەمکەکانی ئازادی، یەکسانی، کاری هاوبەش، دژایەتی مولکایەتی تایبەت و فێمینیزم دەردەبڕێت. ئەم هەڵوێستانە لەگەڵ بنەماکانی ئەنارشیزمدا لە ڕەهەندی ئازادیخوازی و دژایەتیکردن لەگەڵ زۆرداری دەسەڵاتدا یەکدەگرنەوە.
وشە کلیلەکان: ئەنارشیزم، دەسەڵات، ئازادی، مولکایەتی تایبەت، شێرکۆ بێکەس، نیشتمان.

پێشەکی
ئەم توێژینەوەیە خوێندنەوەیەکی قوڵ بۆ دەق "ئێستا کچێک نیشتمانمە"ی شێرکۆ بێکەس لە ڕوانگەی تیۆری ئەنارشیزمەوە پێشکەشدەکات. ئەنارشیزم، وەک میتۆدێکی ڕەخنەیی نوێ لە شیکردنەوەی ئەدەبدا، جەخت لەسەر هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵات، ڕەتکردنەوەی پادشایەتی، بەرزڕاگرتنی سەربەخۆیی و ئازادی دەکاتەوە. ئەم میتۆدە، بە پێچەوانەی میتۆدەکانی دیکەوە، جگە لە تێما و ناوەڕۆکی دەق، شێواز و فۆرمی دەقیش، وەک بەشێک لە پراکتیزەی ئەنارشیزمی دەبینێت. شێرکۆ بێکەس، وەک یەکێک لە شاعیرە دیارەکانی کورد، بە درێژایی ژیانی شیعری خۆی، داکۆکیکارێکی سەرسەختی ئازادی و دادپەروەری بوە. بەرهەمەکانی هەمیشە دەنگی ناڕەزایەتی و شۆڕشگێڕییان تێدابوە. دەق "ئێستا کچێک نیشتمانمە"، بە تێما قوڵ و وێنە شیعرییە دەوڵەمەندەکانی، دەرفەتێکی باش بۆ توێژینەوە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و فەلسەفەی ئەنارشیزمی دەڕەخسێنێت، بەتایبەتی لە چوارچێوەی نیشتمانێکدا، کە بەردەوام لە خەباتی ئازادیدا بوە، دژ بە دەسەڵاتە زۆردار و خۆسەپێنەکان. لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی **"شیکاری دەق "ئێستا کچێک نیشتمانمە"ی شێرکۆ بێکەس لە ڕوانگەی تیۆری ئەنارشیزمەوە"** تەرخانکراوە، هەوڵیداوە، لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە دەقەکە شەنوکەو بکات.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە: بۆ چەند هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە:
١. کەمی توێژینەوە لەم بوارەدا، دەتوانین بڵێین ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لەتوێژینەوە بەراییەکان لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، چونکە ئەنارشیزم یەکێکە لە تیۆرە گرنگ و تازەکان لە نێو ڕەخنەی ئەدەبی جیهانیدا، بۆیە دەکرێت دەق ئەدەبی کوردی لەم ڕوانگەیەوە شەنوکەو بکرێت.
٢. پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەتی ڕادیکاڵ، ئەم دەقە، وەک نمونەیەکی گرنگ لە ئەدەبی کوردیدا، بەرهەمهێنانی واتا و بیرکردنەوەی سیاسی و دژە دەسەڵات لە چوارچێوەی ئەدەبیاتدا نیشاندەدات، چونکە توێژینەوە لەم بابەتە ڕێگە بە توێژەر دەدات، بۆ تەماشاکردنی چۆنییەتی بەکارهێنانی هونەر و ئەدەب، وەک ئامرازێکی دژ بە دامەزراوە و سیستەمی دەسەڵات.
٣. پشکنینی ئاستەکانی دژایەتیکردن و بەرهەڵستی فەرهەنگی شیعری شێرکۆ، وەک ئارگۆمێنتێک لەسەر شێوازی بەرهەڵستی ئەدەبی، دەرفەتی باش بۆ لەخۆگرتنی ئەو ڕێگەیانەی، کە شاعیر لە ئاستی فەرهەنگیدا دژ بە دەسەڵات و زۆرداری دەوەستێت، دابیندەکات.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی **(وەسفیی شیکاریی)ە**، کە پشت بە بنەماکانی تیۆری ئەنارشیزم دەبەستێت. تایبەتمەندییەکانی زمان، سیمبۆل، وێنە و تەکنیکە ئەدەبییەکان لە چوارچێوەی فکری دژە دەسەڵاتدا شیدەکرێنەوە.

گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە، لە چەند ڕەهەندێکی مەعریفی و میتۆدۆلۆژییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەکرێت لەم خاڵانەدا چڕ بکرێتەوە:

١. پڕکردنەوەی کەلێنێکی تیۆری لە ڕەخنەی کوردیدا: ئەم توێژینەوەیە بە هەوڵێکی پێشەنگ دادەنرێت، بۆ یەکەمجار لە بواری توێژینەوەی ئەدەبیی کوردیدا، ئەنارشیزم وەک تیۆرێکی ڕەخنەیی بۆ شیکردنەوەی دەقێکی شیعری بەکاردەهێنێت، بەمەش دەرگایەک بۆ تێڕوانینێکی جیاواز لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و دەسەڵات دەکاتەوە.

٢. خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ ئەزمونی شیعری شێرکۆ بێکەس: بەو پێیەی زۆرینەی توێژینەوەکان لە نێوەندی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، شێرکۆ بێکەس، وەک "شاعیرێکی نیشتمانی" و هەڵگری خەمی نەتەوەیی وێنا دەکەن. بەڵام ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەو وێنە باوە تێپەڕێنێت، بەوەی دەیسەلمێنێت شێرکۆ لە دەقی (ئێستا کچێک نیشتمانمە)دا، لە چەمکی باوی "نیشتمان و دەوڵەت"ەوە دەپەڕێتەوە بۆ چەمکی "مرۆڤ و ئازادیی تاک". واتە شێرکۆ لەم توێژینەوەیەدا، وەک شاعیرێکی دژە دەسەڵات دەردەکەوێت، نەک تەنیا وەک شاعیرێکی سیاسی و نیشتمانی.

٣. لێکدانەوەیەکی فەلسەفی بۆ چەمکی نیشتمان: توێژینەوەکە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، لە ڕوی شیکردنەوەی گۆڕانی چەمکی "نیشتمان" لە جوگرافیا و سنوری سیاسییەوە بۆ چەمکێکی ئەنترۆپۆلۆژی و جێندەری، کە لە (کچێکدا بەرجەستە دەبێت). ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەو قەیرانە قوڵەی تاک لەگەڵ سیستەمەکاندا هەیەتی، کە تێیدا تاک پەنا بۆ هەڵوەشاندنەوەی پیرۆزییەکان دەبات، بۆ ئەوەی ئازادیی خۆی بەدەستبهێنێتەوە.

پرسیاری توێژینەوەکە:

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە، خۆی لە چەند مژار و پرسێکی گرنگدا دەبینێتەوە، کە توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی پێویستیان بداتەوە، کە بریتین لە:

١. ئایا بنەما و ڕەهەندەکانی تیۆری ئەنارشیزم تا چەند و بە چ شێوازێک لە دەقی ''ئێستا کچێک نیشتمانمە''ی شێرکۆ بێکەسدا ڕەنگیانداوەتەوە؟

٢. شێرکۆ بێکەس لەم دەقەدا چۆن و بە چ تەکنیکێکی هونەری ڕوبەڕوی پیرۆزییەکانی دەسەڵات (دەوڵەت، ئاین، نەریت) دەبێتەوە؟

٣. چەمکی "نیشتمان" لەم دەقەدا چۆن لە چوارچێوەیەکی جوگرافی و سیاسییەوە گۆڕانی بەسەردا دێت بۆ چەمکێکی مرۆیی و ئەنارشیستی؟

٤. ئایا زمان و سیمبۆلەکانی ناو دەقەکە چۆن خزمەت بە بیرۆکەی "ئازادیی تاک" و ڕەتکردنەوەی سنورە دەستکردەکان دەکەن؟

٥. پەیوەندی نێوان ئازادیی ژن (وەک نیشتمانێکی نوێ) و دژایەتیکردنی مۆنکایەتی تایبەت لە دەقەکەدا چۆن بەرجەستە بوە؟

١/ چوارچێوەیەکی تیۆری لەسەر ئەنارشیزم:

ئەنارشیزم تیۆرێکی فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتییە، ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە و بیر و ئەفکارەکانی بۆ سەردەمی گریک دەگەڕێتەوە. واتە بیری ئەنارشیزم لە یۆنانی کۆندا دەرکەوتە و بونی هەبوە. بە تایبەت هەندێک لە لێکدانەوەکانی ڕەواقییەکان، لێکچونی لەگەڵ بیری سەرەکی ئەم تیۆرەدا هەیە. ئەنارشیزم، وەک زاراوە لە بواری سیاسی و فەلسەفیدا، بۆ یەکەمجار لە سەدەی (١٩)دا لەلایەن فەیلەسوفی فەرەنسی (پێیر جۆزێف پرۆدۆن- pierre-joseph proudhon ١٨٠٩ - ١٨٦٥) بەکارهاتوە (پازارگاد، ١٣٤٤ : ٣٣). بەڵام ڕیشەی بنەڕەتی زاراوەکە بۆ زمانی گریکی دەگەڕێتەوە، کە ''وشەیەکی دارێژراوە لە دو بەش پێکهاتوە، ''archos'' بە واتایی سەروەر، سەر، سەرۆک، حکومەت دێت. پێشگری ''an'' بۆ نەرێنیکردن بەکاردێت. هەمو بەسەریەکەوە زاراوەی ''anarchos'' بە واتایی دژە دەسەڵات یان دژە حکومەت دێت، یان بە واتایی ڕەتکردنەوەی هەمو جۆرە دەسەڵاتێک دێت'' (هیود، ١٣٨٥: ٥٧). یاخود بە واتای نەبونی سیستەم (لا نظام)، دێت (فتاح، ٢٠٢٥: ١٥٦). یان بە کەسێک دەگوترێت، کە ڕێبەر و سەرکردەی نەبێت.

واتای سیاسی زاراوەکە ''ئەو تێزە تایبەتە دەگرێتەوە، کە خوازیاری هەڵوەشانەوەی هەرجۆرە دەسەڵاتێکی ڕێکخراوە و لای وایە، کە هەر ڕێکخراو و دەسەڵاتێک دەبێتەهۆی گەندەڵی و بە زیانی مرۆڤەکانە'' (roberts, 2023: 1). لە زمانی ئینگلیزی و زمانە ئەوروپییەکاندا هەمان زاراوەی ''anarchism'' بەکاردێت، کە لە زمانی گریکیان بەیێ دەستکاری وەرگرتوە. لە زمانی عەرەبی و فارسی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

و کوردیشدا هەمان زاراوە بەکاردێت. هەرچەندە لە زمانی عەرەبیدا هەندێکجار زاراوەی (الفوضوية) لە بەرانبەریدا بەکاردێت. کە واتا و مەبەستی ئەنارشیزم بەدەستەوە نادات، بەڵکو بەواتایی ئاژاوەگێڕی دێت، بۆیە ئەنارشیزمییەکان، خۆیان وەسفی ئەم زاراوەیە بەکاردەهێنن، بە مانای ئاژاوە، نائارامی و شەڕی ناوخۆ نایەت، ئەمانە تەنیا ئەو مانایانەن، کە لە خەیاڵی جەماوەردا بە دەستیهێناوە (roberts, 2023: 1).

(کارڵ دیهل - karl diehl) لە کتێبی "ئەنارشیزم، کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم"دا لەم ڕوانگەیەوە دەڵێت: "بزوتنەوەی ئەنارشیزم زۆرجار لەگەڵ کردەوە تاوانکارییە ئەنارشیزمییەکان تێکەڵدەکرێت، کە لەم دواییانەدا، سەرنجی سەرەکی پەیوەست بە ئەنارشیزم بون و بەهۆی ئەوەوە، زۆر کەس پێیانوایە ئەنارشیزم تەنیا ڕێبازێکی تاوانبارە، کە هەمو یاسا کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان پێشێلدەکات. ئەمە بە تەواوی نادروستە. دەبێت جیاوازی لە نێوان سیستەمی کۆمەڵایەتی- فەلسەفیی ئەنارشیزم بکەین، لەگەڵ ئەو کردەوانەی، کە بانگەشەی "ئەنارشیزمی"یان بۆ دەکرێت، کە پەیوەندییان بە پیلانی تاوانکارییەوە هەیە. لە کاتێکدا تیۆری ئەنارشیزمی ئامانجێکی کۆمەڵایەتیی- فەلسەفییە، پشتگیری لە چاکسازیی کۆمەڵایەتیی ئاشتییانە دەکات، نەک تووندوتیژی و ئاژاوەگێڕی. هەڵەی دووەم ئەوەیە، پێیانوایە ئەنارشیزم هیچی دیکە نییە، جگە لە دورترین سنوری سۆشیالیزم. ئەمە بۆچوونێکی زۆربڵاوە، کە ئەنارشیزمەکان هەمان ئامانجی سۆشیالیستەکانیان هەیە، تەنیا باڵی ڕادیکاڵی سۆشیالیزم پێکدەهێنن. ئەوان دەیانەوێت بە ڕێگەی تووندوتیژ بەدەستیبهێنن ئەوەی سۆشیالیستەکان، دەیانەوێت بە ڕێگەی کردەوە سیاسییە قۆناغ بە قۆناغەکان بەدەستیبهێنن. ئەم لێکدانەوەیە بە تەواوی هەڵەیە. ئەنارشیزم و سۆشیالیزم بە تەواوی جیاوازن، ئەوان گەورەترین دژایەتیی یەکتر دەکەن" (diehl, 2021: 1).

ئەنارشیزم یەکێکە لە تیۆرە سیاسییە کۆنەکان و دوای یۆنانی کۆن، سەرەتا لەنێو باوەڕمەندانی سەرەتای مەسیحییەتدا دەرکەوت. پاشان لەنێو پرۆتێستانتەکان لە ئینگلتەرا و شوێنەکانی دیکەدا باوبو. پێشەوای ئەنارشیزمی نوێ، (پیێر-جۆزێف پرۆدۆن)ی فەرەنسییە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ئەم تیۆرەی زیادتر پەرەپێدا، بە باوکی تیۆری ئەنارشیزم ناسراوە، ناوبراو لە بزوتنەوەی سۆشیالیستیی پاریس لە ساڵی (١٨٤٨)دا چالاکییەکی بەرچاوی هەبو، ڕۆژنامە ڕادیکاڵەکانی "خەڵک" و "دەنگی گەل"ی دامەزراند (پازارگاد، ؟: ٣٣). پاشان ئەم تیۆرە لە نێوان ساڵانی (١٨٤٠- ١٨٧٠) زیادتر پەرەیسەند، لە وڵاتانی (ئیسپانیا، ئیتاڵیا، سویسرا، فەرەنسا، نەمسا، هۆڵەندا و هەندێک وڵاتی ئەمریکای لاتین) بڵاوبویەوە، گرنگترین پێشەواکانی ئەمانەن: (پیێر-جۆزێف پرودۆن، ویلیام گۆدوین و ماکس ستێرنەر)، کە ڕۆڵێکی کاریگەریان بینیوە لە بەرەوپێشچونی ئەم تیۆرە.

بەگوێرەی فەلسەفەی ئەنارشیزم، هەمو دەسەڵاتێکی سیاسی چەقبەستو، بەبێ جیاوازی، دەبێتە هۆی ستەم و زۆرداری لە کۆمەڵگەدا، بۆیە کۆمەڵگە پێویستی بە حکومەت و دەوڵەت نییە. بە بڕوای ئەنارشیستەکان، خەڵک خۆیان دەتوانن لە ڕێگەی پێکهێنانی گروپە هاوکارییەکانەوە، کارگە و کێڵگە و فرۆشگاکان بەشێوەیەکی ئازاد و هەماهەنگ بەڕێوەببەن، بەبێئەوەی پێویستییان بە حکومەت یان هەر دەزگایەکی جێبەجێکاری یاسای هەبێت. فەیلەسوفە ئەنارشیستەکان پێیانوایە، کە هەمو حکومەتە سیاسییەکان، نەک هەر خەڵک گەندەڵ و چەوساوە دەکەن، بەڵکو کەسایەتی مرۆڤیش پێشێلدەکەن و ڕێگرن لە گەشە و پەرەسەندنی مرۆڤایەتی (پازارگاد، ؟: ٣٣- ٣٤).

لەم ڕوانگەیەوە دەگوترێت ئەنارشیزم، سیستەمی ئازادیی سیاسی و ئابوریی تووندڕەوانەیە. پێیوایە کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگ، تەنیا لە ڕێگەی ئازادیی تەواوەوە دەتوانرێت بەدیبێت. ئەم تیۆرە ڕاستەوخۆ دژی سۆشیالیزم و سۆشیال دیموکراتە، کە هەردوکیان پابەندبونێکی زۆر تووند بەسەر هەر تاکێکدا دەسەپێنن و ڕێکخستنێکی زۆر تووندوتیژتریان پێویستە لەوەی، کە ئێستا هەیە. لە کاتێکدا بۆ کۆمەڵگەی سۆشیالیستی، بواری ئازادیی تاک سنوردارەدەکرێت، بۆ ئەنارشیزم، ئازادیی تاکەکەسی زۆرترین مەودای فراوانی پێدەدرێت. ئەنارشیزم تووندڕەوییەکەی لە ئەو باوەڕە دایە، کە دەیەوێت دەوڵەت کەمترین کاریگەریی لەسەر ژیانی ئابوری هەبێت. لە بیرۆکەی سیاسیی ئێستادا، پێیانوایە، گرنگە دەوڵەت بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتی لە هەمو ڕوویەکەوە مسۆگەربکات. بەڵام ئەم تیۆرە هەنگاوێک زیاتر دەڕوات و پێیوایە، تەنانەت ئەم ئەرکانەی دەوڵەتیش زیادەن. لەبری ئەوە، تاک مامەڵە لەگەڵ نیگەرانییە تاکەکەسییەکانی خۆیدا دەکات؛ دامەزراوە گشتییە جیاوازەکان بۆ پاراستنی هاوڵاتی گرنگنین. ئەوان یەکدەنگن لە ئارەزوی ئەوەی، کە هیچ سنوردارکردنێکی یاسایی بۆ تاک نەبێت (diehl, 2021: 2).

لەم سۆنگەیەوە ئەنارشیزمییەکان پێچەوانەی لایەنگرانی (هیگڵ) بون، کە دەوڵەتیان دەگەیاندە پلەی خودایی و ئازادییان، تەنیا لە گوتڕایەڵی ڕەها بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت دەبینییەوە، بۆیە ئەوان ڕەشبینن بەرانبەر بە دامەزراوەی دەوڵەت و دەسەڵاتی هەر دامەزراوەیەک، کە لەسەر بنەمای زۆری و ناچاری بێت، بە هۆکاری تێکچونی ژیانی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی مرۆڤی دەزانن. بەشێوەیەکی گشتی دژایەتی حکومەتی دامەزراو لەسەر بنەمای زۆرینە دەکەن. بەڵام هەرگیز داوای لەناوبردنی تەواوەتی دامەزراوەی حکومەتییان

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

نەکردوە (محمدی، ١٣٩٣: ١). بۆیە بە پێچەوانەی ئەوەی، کە باوە، لە بارەیانەوە ئاژاوەگێڕ، یاخود تووندوتیژ نین و کۆمەڵگەیەکی بێسەروبەریان ناوێت، بەڵکو ''بیریان لە سیستمێک دەکردەوە، کە لە ئەنجامی هاوکارپی ئازادانەوە دروست بوبێت، باشترین شێوە لە ڕوانگەی ئەوانەوە، دروستکردنی گروپی خۆبەڕێوەبەرییە، چونکە ئەنارشیستەکان مرۆڤ بە بونەوەرێکی سروشتی و کۆمەڵایەتی دەزانن'' (علیزادە، ١٣٧٧: ٣٩). بەڵام ئەوان سەرکۆنە و ڕەخنەی دەوڵەتە هەنوکەییەکانی جیهان دەکەن و ناڕازین لەو شێوازە حکومەی، کە وڵاتانی ئێستا پەیڕەوی دەکەن (فتاح، ٢٠٢٥: ١٥٦). لەبەرئەوەی بەرجەستەکەری زوڵم و زۆری و دەسەڵاتن، هەرچەندە دامەزراوەی حکومەت لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا بە پێویست دەزانن؛ بەڵام ئەو حکومەتەی، کە ئەوان مەبەستیانە، دەبێت بە تەواوی خۆبەخشانە بێت و هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی بەکارهێنانی زۆر و سەپاندنی بەسەر هاوڵاتیاندا نەبێت. لە ڕاستیدا ئەوان باوەڕیکی قوڵیان بە ڕێکخستنی سروشتی و هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتیی زاتی هەیە. بە واتایەکی دیکە، حکومەت لە ڕوانگەی ئەوانەوە چارەسەر نییە بۆ کێشەی ڕێکخستن، بەڵکو خۆی هۆکاری کێشەکەیە (هیود، ١٣٨٥: ٥٨). بۆ سەلماندنی ئەم ئارگۆمێنتەیان، کە دەڵێن: (بونی دەوڵەت خۆی کێشەکەیە) دو بۆچونی گشتی دەخەنەڕوو: **''یەکەم:** ئەو کەسانەی، کە بەڕێوەبردنی بەشە جیاوازەکانی دەوڵەتیان لە ئەستۆدایە، وەک (سیاسەتمەداران، فەرمانبەرانی دەوڵەت، دادوەران و کارمەندانی ئاسایش... تاد) بە گشتی چینێکی دەسەڵاتدار پێکدەهێنن، کە بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوەن و باقی کۆمەڵگە، بە تایبەتی چینی کرێکار، دەچەوسێننەوە. **دووەم:** تەنانەت ئەگەر دەوڵەت هەوڵیشبدات بەرژەوەندییە گشتی و کۆمەڵایەتییەکان دابینبکات، ئەو ئامرازانەی لەبەردەستیدان، وەک یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان لە ناوەندەوە، بە زۆرەملێ دەسەپێنرێن، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بەس و کاریگەر نین. بە بڕوای ئەوان، کۆمەڵگەکان بونەوەری زۆر ئاڵۆزن، پێویستە ڕێکخستنیان ژێرەوژور بکرێت و گرنگی تەواو بە پێداویستییە جیاوازەکانی تاک و ناوچەکان بدرێت (لیپست، ١٣٨٣: ١٠٠).

بەشێوەیەکی مێژوویی، ئەنارشیزمەکان دەوڵەتیان، وەک ''سەرچاوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بینیوە، شێوەیەکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ناوەندگەرا و فەرمانسالارانە، کە تووندوتیژی تاکەکان دەکات. لەوانە بەکارهێنانی چینی کرێکاران بە قازانجی بیروکراسی و چینی فەرمانڕەوا. دەوڵەت سیستەمێکی بەندیخانەی دڕندانە دەپارێزێت و تاکەکان ناچاردەکات لە شەڕەکاندا لە دژی یەکتر بجەنگن، کە تەنیا خزمەت بە (پاراستن، گەورەکردنی خودی دەوڵەت) دەکات. دەوڵەت وەک چارەسەرێک دەبینرێت، کە لە خودی کێشەی تووندوتیژی، کە گوایە دەیەوێت لەناوببات خراپترە، بەبێ گوێدانە ئەو شێوەیەی، کە وەریدەگرێت، چ لیبراڵ بێت یان سۆشیالیست، دینامیکی دەسەڵاتخواز و خۆپاراستن بەرهەمدێنێت، بەبێ گوێدان بەوەی کێ بەڕێوەیدەبات. هاوکات ئەوان شێوە دامەزراوەییەکانی دیکەی دەسەڵات و زاڵبون، وەک ئایینی ڕێکخراو و سیستەمی پەروەردە و تەندروستی و ئابوری...تاد ئاڵنگاری دەکەن. جگە لەمەش، هێرشیان کردوەتەسەر سیستەمی سەرمایەداری دەوڵەت - ڕێکخراو، کە لە ڕۆژئاوا و جیهانەدا زاڵە، وەک سیستەمێکی ئابوری چەوسێنەر و تاوانبار'' (romanos, 2022: 1). واتە هەمو جۆرە دیفاکتۆیەکی زاڵ و دەسەڵات لە لایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە، کە دەیهەوێت یاسا و دیسپلین بەسەر خەڵک و گروپی کۆمەڵایەتیدا جێبەجێبکات، ڕەتدەکەنەوە. پێیانوایە دەوڵەت و هەمو دامەزراوە ڕێکخراوەییەکان، خاوەنی جۆرێک لە سیستەمی دەسەڵاتن و سەرکوتکەرن، کە دەیانهەوێت لە ڕێگەی یاسا و دیسپلینەکانیانەوە خواست و ئازادی تاک سنوردار و مەرجدار بکەن، لە سودمەندبون لە سەرچاوە سروشتییەکان، سیستەمی پەروەردە، تەندروستی و دەرامەتە ئابورییەکان،...تاد. هاوکات ئەوان وا سەیری مرۆڤ دەکەن، کە بە فیترەت پاک و بێگەردە و ئازادی مافێکی سروشتی هەر کەسێکە، بەڵام دامەزراوە حکومییەکان و دەسەڵاتی دەوڵەت ڕۆڵی هەیە لەوەی مرۆڤ لەو فیترەتە پاکە لابدات، هەروەک دەڵێن: ''مرۆڤ لە زاتی خۆیدا پاک و کۆمەڵایەتییە، بەڵام دەسەڵات و زاڵبونی دەوڵەت، گەندەڵ و لادەری دەکات.

جەوهەری هزری ئەنارشیستی ئەوەیە،کە دەوڵەت و (فۆرمەکانی دیکەی دەسەڵات) ناڕەوان. هۆکاری سەرەکی ئەم باوەڕەش بەهای ئازادی مرۆڤە. دامەزراوە دەوڵەتییەکان، بە سروشتی خۆیان، ئازادی سنوردار دەکەن بە سەپاندنی پابەندبون بە پەیڕەوکردنی یاسا و (سەپاندنی سزا بۆ ئەوانەی پابەندنین). ئەنارشیزم، هەوڵدەدات مرۆڤەکان هەم لە هەژمونی سیاسی و هەم لە ئیستغلالکردنی ئابوری دەوڵەت ڕزگار بکات. ئەگەر هاتو کەسێک سەرپێچی ئەو دامەزراوە خۆبەڕێوەبەرییە بکات و یاخی ببێت لێی، ئەلتەرناتیڤییان پێیە و دەڵێن: ''دەکرێت کەسانی یاخی و سەرکێش بخرێنە ژێر فشاری ڕای گشتییەوە، یان لە کۆمەڵگە دەربکرێن، بەڵام بەکارهێنانی زۆر لەوە زیادتر ڕێگەپێدراو نییە'' (محمدی، ١٣٩٣: ٢). واتە لەژێر هیچ پاساوێکدا مرۆڤ ناکرێت بچەوسێنرێتەوە و زوڵم و زۆری لێبکرێت، چونکە مرۆڤ، وەک بونەوەرێکی سروشتی، لای ئەوان مافی ئازادی و دەستڕاگەیشتنی بە هەمو پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان هەیە.

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی، کە ئەنارشیزمەکان لە ڕەهەندی ئابوریدا زۆر دژیبون، مولکایەتی تایبەت بو، بە تایبەتی (پیێر-جۆزێف پرودۆن)، کە دژایەتی مۆلکایەتی تایبەتی دەکرد، وەک جۆرێک لە سیستەمی دەوڵەتی دەبینی. پێیوابو مولکایەتی تایبەت هەلومەرجی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

کۆنترۆڵکردن و ملکەچی تاکەکان پەرەپێدەدا، چونکە لەناو مۆڵکایەتی تایبەتدا خاوەن مۆڵک، کرێکاران و کارکەرەکانی دەچەوسێنتەوە. بۆیە ئەو مۆڵکایەتی تایبەتی بە ''(مۆڵکایەتی دزی) ناودەبرد، بەڵام دژایەتیەکەی لە مۆڵکایەتی تایبەت مەرجدار بو. پرودۆن دژی مۆڵکایەتی تایبەت بو، وەک شێوەیەک لە کۆکردنەوەی کاپیتالیستی، چونکە دەرفەتی ئەوە دەداتە خاوەن مۆڵکەکان، کەسانی دیکە بەکاربهێنن لە ڕێگەی قازانج، کرێ و سودەوە، بۆیە لای ئەو، دەستبەسەرگرتنی مۆڵکایەتی تایبەت نایاسایی بو، کاتێک دەسەڵاتی کەسێک بەسەر کەسێکی دیکەد دەدات'' (tutor2u, 2019: 1).

بەمپێیە پرودۆن دژی سیستەمی کاپیتالیستی بو. هەرچەندە ئەو بە مافێکی سروشتی دەزانی، کە کەسێک خاوەنی ماڵ بێت و زەوی یان ئامرازی بەرهەمهێنانی هەبێت، کە بتوانێت کار بکات، بەڵام تاکەکەس پێویستی بە کەمترین بڕی مۆڵک هەیە، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی، ئازادی و بژێویەکەی. بۆیە میوتۆئەلیزمی پرودۆن[1]، ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتیکردن بو بە تایبەتی (کۆمۆنیزم) کە لە بڕوای ئەودا، کەسەکان لە ئەو شتانە بەتاڵدەکاتەوە، کە بنەڕەتین بۆ ئازادی تاکەکەسی. ئەو هێرشی کردە سەر مۆڵکایەتی تایبەت، چونکە بونی لەگەڵ ئازادی تاکەکەس ناگونجێت، لە سروشتیدا دژە-کۆمەڵایەتییە، پلەبەندی دەسەڵات دروستدەکات. ئەو جۆرە نایەکسانییە پێکهاتەکانی زاڵبون پارێزراوتر دەکەن، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی دەوڵەمەندەکان لە هەژار و بێ مۆڵکەکان. هاوکات پرودۆن مۆڵکایەتی تایبەتی، وەک هۆکاری سەرەکی ستەمی دەوڵەت دەبینی، چونکە یاساکانی دەوڵەت بۆ بەرگری لە مافەکانی مۆڵکایەتی دروستکراون. بۆ دوربون لە مەترسییەکانی پەیوەست بە مۆڵکایەتی تایبەت و کۆمەڵایەتیکردن، پرودۆن میوتۆئالیزمی پێشنیار کرد، سیستەمێک، کە نوقتەیەکی ناوەندی لە ئەنارشیزمی تاکەکەسی- کۆمەڵایەتی نوێنەرایەتی دەکات. میوتۆئالیزم هەوڵدەدات باشترین تایبەتمەندییەکانی مۆڵکایەتی تایبەت و خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بکات و لە کەموکوڕییەکانیان دوربکەوێتەوە. لەژێر میوتۆئالیزمدا، بەرهەمهێنەرانی خۆفەرمانڕەوا، تاک یان لە یەکێتیەکاندا، کالا و خزمەتگوزارییەکان ئالوگۆڕ دەکەن، لە ڕێگەی گرێبەستەکانی بە ئازادی دانراو، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دولایەنە و بێ قازانج. هەروەها بەرهەمهێنەرەکان دەتوانن لە بانکێکی نیشتیمانی بێ قازانج قەرز وەربگرن. بەو شێوەیە هاندانی گۆڕانی میوتۆئالیستی ئابوورییە، کە دژایەتی خاوەندارێتی مۆڵکی گەورە دەکات، لە بەرانبەردا ڕێگە بە مۆڵکایەتی تایبەتی بچوک دەدات، لەسەر بنەمای بەکارهێنان یان دەستبەسەرگرتن، بۆئەوەی دڵنیابێت، کە تاکەکان بژێوی و سەربەخۆی خۆیان هەیە (tutor2u, 2019: 2-3). بەمپێیە ئەم جۆرە سیستەمە بەبێ بەشداری دەوڵەت یان یەکێتی کارگەری کار دەکات. پشت بە کاری هەرەوەزی نێوان تاکەکان دەبەستێت. بەرهەمهێنەر و کارکەرەکان لەسەر بنەمای قازانجی دولایەنە و بێ زۆرملێی هاوکار یەکتر دەکەن، کە ئازادی تاکەکان لە مامەڵەکردندا تێیدا پارێزراوە.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان تیۆری ئەنارشیزم و ئەدەبیات، دەبینین پەیوەندییەکی قوڵ و مێژوویی لە نێوانیاندا هەیە، چونکە ئەنارشیزم تەنیا تیۆرییەکی سیاسی نییە، بەڵکو فەلسەفەیەکی ژیانە، کە ڕەنگدانەوەی گەورەی لە ئەدەبیاتدا هەیە. بە جۆرێک ئەوان بڕوایان وایە هونەر و ئەدەب تەنیا بۆ جێژ و جوانی نین، بەڵکو ئامرازێکی کاریگەرن بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ و تێکشکاندنی پیرۆزییەکان، هەروەکو نوسەری ئەنارشیست (ئیما گۆڵدمان- Emma Goldman) پێیوایە هونەر و ئەدەب دەتوانن، وەک هێزێکی تێکشکێنەر و گۆڕانکاریخواز بۆ هەڵتەکاندنی نەریتە کۆنەکان کار بکەن. هەروەها لای ئەو هونەرمەند و ئەدیب ئەو کەسەیە، کە گوێڕایەڵی کوێرانە ڕەتدەکاتەوە و ئەدەبیاتی ڕاستەقینە ئەو ئەدەبە نییە، کە وێنەی ژیان دەگرێت، بەڵکو ئەوەیە، کە ڕەخنە لە بونیادی کۆمەڵایەتی دەگرێت و بانگەشەی گۆڕانکاری ڕادیکاڵ دەکات (Goldman, 1914: 7-9). واتە لای ئەو ئەدەب ئەرکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە، بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک و ڕەتکردنەوەی ستەم، نەک تەنیا وێنەگرتنەوەی واقیع، وەک خۆی، بەڵکو ڕەخنە لە سیستەمەکە دەگرێت و هەوڵی گۆڕانکاری ڕیشەیی دەدات.

هاوکات لە ڕوانگەی ئەنارشیزمەکانەوە ئەدەبیات دەتوانێت دیوە ناشرینەکانی دەسەڵات ئاشکرا بکات، کە میدیا و پەروەردەی فەرمی دەیشارێتەوە. بۆ نمونە، ڕۆمانێک دەتوانێت نیشانی بدات، کە چۆن سەرمایەداری مرۆڤ دەکاتە کالا و ڕۆحی دەکوژێت. بەمەش پیرۆزی و شەرعییەت لە دەسەڵات دەسەنێتەوە. بۆیە کاتێک خوێنەر ڕۆمانێک دەخوێنیتەوە، کە تێیدا کارەکتەرەکان بەدوای بەها مرۆییەکان، خۆشەویستی، و ئازادیدا دەگەڕێن نەک پارە، ئەوە ڕاستەوخۆ لێدانە لە بنەماکانی سەرمایەداری. لەم ڕوانگەیەوە ئەدەب پێمان دەڵێت: مرۆڤ بەهاکەی لە گیرفانیدا نییە، بەڵکو لە هەست و ئاگاییەکەیدایە. هەروەک (جێف شانتز- jeff shantz) دەڵێت: ئەدەبیات توانایەکی باشی هەیە بۆ دژایەتیکردنی دەسەڵاتی ستەمگەر و سیستەمی سەرمایەداری، دابینکردنی ژیانێکی جیاواز بۆ تاکەکان (shantz, 2012: 45). کەواتە لای ئەنارشیستەکان ئەدەب تەنیا بۆ کات بەسەربردن و جێژ نییە، بەڵکو ڕاهێنانە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و فێرمان دەکات چۆن جیهانێکی دیکەمان هەبێت دور لە توندوتیژی دەسەڵاتی سیاسی و سەرمایەداری؟، یان فێرمان دەکات لە ڕێگەی وشە و خەیاڵەوە بناغەی ڕوخانی هەر سیستەم و دەسەڵاتێکی زۆردار دابنێین و واقیعی باو بگۆڕین بۆ جیهانێک، کە تاک تێیدا بە ئازادی بژیت دور لە هەر دەسەڵاتێکی ناوەندی و مەرکەزی، کە ژیان و ڕوحی کۆنترۆڵ بکات.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

١. ٢/ گرنگترین تایبەتمەندییەکانی تیۆری ئەنارشیزم:

ئەنارشیزم وەک سیستەمێکی سیاسی - کۆمەڵایەتیی سێ تایبەتمەندی جیاوازی هەیە، لەوانە: (محمدی، ١٣٩٣: ٥).

1. نەبونی دامەزراوەی دەوڵەت یاخود هەر دامەزراوەیەک، کە بتوانێت، یان بیەوێت بەسەر مرۆڤەکاندا زاڵ بێت.
2. بەرانبەری و یەکسانی بە مانای ڕاستەقینەی وشەکە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا.
3. نەبونی مۆنکایەتی تایبەت.

١. ٣/ گرنگترین ئەو ڕەخنانەی لە تیۆری ئەنارشیزم دەگیرێن:

١. یەکێک لەو ڕەخنانەی تیۆری ئەنارشیزم ڕووبەڕوی دەبێتەوە، ئەوەیە دیدگایەکی ئایدیالی و ناواقیعی بۆ کۆمەڵگەیەکی خاڵی لە دەسەڵات هەیە و هەندێک لە ڕاستییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە هاوچەرخەکان پشتگوێدەخات، کە ئەمە کارێکی ناموکینە. هەروەکو نوسەری بەریتانی (ئەندرێ هییود- Andrew Heywood) لەکتێبی (Political Ideologies: An Introduction) دەڵێت " تیۆری ئەنارشیزم پشت بە گریمانەیەکی "گەشبینانەی ناواقیعی" دەربارەی سروشتی مرۆڤ دەبەستێت. بەبێ یاسا و دەوڵەت، سیستەمی کۆمەڵایەتی هەرەس دەهێنێت" (Heywood, 2017: 197- 198).

٢. زۆرجار ئەنارشیزمەکان ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگیرێت، بەرنامەیەکی کاری ڕونیان، بۆ گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکان نییە. ئەمەش وادەکات، ئەم تیۆرە هەرچەندە لە ڕوی فکرییەوە بەهێزبێت، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە میکانیزمی کرداریان بۆ جێبەجێکردن لاوازە.

"٣. تێگەیشتنی سادە لە دەسەڵات: ئەنارشیزمەکان دەسەڵات تەنیا، وەک پەیوەندییەکی زۆرەملێ و سەرکوتکردن لەلایەن کەمینەیەکەوە دەبینن. ڕۆڵی خەڵکی ئاسایی (ملکەچەکان) لە دوبارە بەرهەمهێنانەوە و قبوڵکردنی دەسەڵاتدا پشتگوێ دەخەن و هۆکارەکەی تەنیا بۆ "دەستکاریکردنی میدیایی"دەگەڕێننەوە.

٤. بەکەسکردن (personalization)ی دەسەڵات: ئەنارشیزمەکان کێشەکە لە چەند کەسێکی خراپی دەسەڵاتداردا کورتدەکەنەوە، وەک ئەوەی هەموکێشەکان دەرئەنجامی پیلانی ئەوان بێت. ئەمەش ڕوانگەیەکی سادەیە و پێکهاتە ئاڵۆزە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان لەبەرچاو ناگرێت.

٥. ئەنارشیزم، هاوشێوەی هەندێک لە مارکسیستەکان، ڕەخنە لەوە ناگرێت، کە کۆمەڵگە لەسەر بنەمای یاسای بەها و کێبڕکێ کاردەکات، بەڵکو تەنیا ڕەخنە لەوە دەگرێت، "کەمینەیەک" دەوڵەمەندن و ئەوانی دیکە هەژار. ئەمەش، وەک ڕەخنەیەکی ئەخلاقی و سادە سەیر دەکرێت، نەک شیکارییەکی ئابوری قوڵ.

٦. ناتوانایی لە شیکردنەوەی دەوڵەتدا: ئەنارشیزمەکان دەیانەوێت دەوڵەت هەڵبوەشێننەوە، بەڵام ناتوانن بە دروستی شیکاری بکەن. ئەوان تێناگەن، کە دەوڵەت پێویستییەکی خودی کۆمەڵگەی سەرمایەداریە، بۆ ڕێکخستن و پاراستنی کێبڕکێ، نەک تەنیا ئامرازێکی دەرەکی بێت.

٧. باوەڕیون بە "سروشتی مرۆڤ": ئەنارشیزم لەسەر بنەمای بیرۆکەیەک دامەزراوە، گوایە مرۆڤ "لە سروشتەوە" باش و ئازاد و هاوکارە. بەڵام دەسەڵات و دەوڵەت ئەم سروشتەیان تێکداوە. ئەمەش یەکێکی دیکە لەو ڕەخنانەی ئاراستەیان دەکرێت. هەندێک لە نوسەران ئەمە بە"قسەیەکی بێمانای ئەنترۆپۆلۆژی"دەزانن و پێیانوایە مرۆڤ بەرهەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانییەتی، نەک سروشتێکی نەگۆڕی هەبێت" (https://www.ruthlesscriticism.com/anarchism.htm#[1]b).

٨. یەکێکی دیکە لەو ڕەخنانەی ئاراستەی تیۆری ئەنارشیزم دەکرێت ئەوەیە، کە گرەنتی پاراستنی خەڵک و کۆمەڵگەی نییە، چونکە بەبێ بونی (دەوڵەت)، یاخود دەسەڵاتێکی ناوەندی، پاراستنی تاک و کۆمەڵگە کارێکی ناومکینە. هەروەک فەیلەسوفی ئەمریکی (Robert Nozick) لەکتێبی (Anarchy, State, and Utopia)دا پێیوایە کۆمەڵگەی ئەنارشیستی ناتوانێت ئاسایش و مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات، چونکە لە لایەک بەهۆی نەبونی سوپای ناوەندییەوە توانای بەرگری دەرەکی نییە، لە لایەکی دیکەوە نەبونی دەسەڵاتێکی دادوەریی باڵا دەبێتەهۆی پشێوی، بەو پێیەی هەر تاکێک دەبێتە دادوەری خۆی و بنەمای دادپەروەری تێکدەچێت (Nozick, 1974: 10- 12).

٢/ پراکتیزەکردن:

دەقی (ئێستا کچێك نیشتمانە)ی شێرکۆ بێکەس

بەپێی بنەماکانی تیۆری ئەنارشیزم

ئەنارشیزم وەک فەلسەفە و تیۆرێکی سیاسی- کۆمەڵایەتی، وەک ئاماژەی پێدرا، داوای لاوازکردن یان لەناوبردنی هەمو شێوازەکانی دەسەڵاتی نادادپەروەرانە دەکات. لەسەر ئەو بڕوایە دامەزراوە، کە مرۆڤەکان بە سروشت ئازاد و یەکسانن، پێویستییان بە دەوڵەت

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

و دەسەڵات نییە. بۆیە یەکێک لەو میکانیزمانەی، ئەنارشیزمەکان دژی سیستەم و دەسەڵاتە زۆرداڕەکان بەکاریدەهێنن، ئەدەبیاتە. چونکە پێیانوایە، ئەدەب تەنیا نوسین نییە، بەڵکو دەکرێت ئامراز و میکانیزمێکی بەهێز و گرنگ بێت بۆ ڕەخنەکردنی سیستەم و دەسەڵاتە ستەمگەرەکان، لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیمبول و میتافۆرە زمانییەکان دەتوانێت دەربڕی ئازار و مەینەتی چینە چەوساوەکان دژ بە دەوڵەت و دامەزراوە کۆمەڵایەتیی، ئایینی و مەزهەبی، ئابوورییەکان بێت، بە ئامانجی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە کۆمەڵگەدا.

لەم لایەنەوە ئەگەر چاوێک بە ئەدەبی کوردی بە گشتی و ئەدەبی هاوچەرخ و شیعری شۆڕشگێڕ بێکەس بەتایبەتی بگێڕین. دەبینین بەردەوام ئەدەبی کوردی سەنگەری بەرگری و هەرمانی نەتەوەیی بوە، دژ بە هەمو دەسەڵاتێکی دەرەکی و ناوەکی، لە ڕاستانایی ئەمەوە، شۆڕشگێڕ بێکەس قەڵەمێکی تیژ و بە بەڕشتی هەبوە، هەردەم لە بەرەی چەوساوەکاندا هەنگاوی ناوە، شیعرەکانی کردونەتە بڵندگۆی ئازار و مەنەتییەکانی تاک دژ بە هەر دەسەڵات و دامەزراوەیەکی سەرکوتکەر. ئەم دەقەش، کە ئێمە کارمان لەسەر کردوە، یەکێکە لە دەقە یاخییەکانی ناوبراو دژ بە دەسەڵاتی سیاسی و کۆی کایە ستەمگەرەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بۆیە دەبینین لە دو توێی ئەم دەقەدا ئەو هزرو ئەدگارانەی ئەو گرنگیان پێدەدات و زەقیان دەکاتەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هاوئاهەنگ و هارمۆنیەتی لەگەڵ تیۆری ئەنارشیزم سازدەکەن، کە دژی هەمو دەسەڵاتێکی سیاسیی و ڕێکخراوەییە، کە تاک لەم نیشتمانە دەچەوسێنتەوە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە کار لەسەر دەقە کراوە. لێرەوە بنەماکانی تیۆری ئەنارشیزم لەسەر دەقە پراکتیزە دەکەین:

٢. ١/ دژە دەسەڵاتخوازی:

یەکێک لەو بنەما سەرەکییانەی ئەنارشیزمی لەسەر بینا دەکرێت، دژە دەسەڵاتخوازییە، کە بە جەوهەری ئەم تیۆرە دادەنرێت. ئەوان بەگشتی دژی هەر جۆرە دەسەڵات و دامەزراوەیەکن هاوشێوەی دەسەڵات بێت. بەو مانایەی دژی هەمو جۆرە دەسەڵاتێکی حکومی و دامەزراوەیی دەوەستنەوە، چونکە هەر بنەڕەتی زاراوەی ئەنارشیزم، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە، بە واتایی (بێ دەوڵەتی، بێ حکومەتی، یاخود کەسێک هیچ ڕێبەر و پێشەوایەکی نەبێت) دێت. بۆیە هەمو جۆرە دەسەڵاتێک بە زۆردار و ناچارکەر دەزانن، چونکە پێیانوایە، جەوهەری دەسەڵات بریتییە لە سیستەمێکی زۆرەملێی بەسەر تاکدا پراکتیزە دەکرێت. لەبەرئەوە ''ئەنارشیزمەکان زۆر گومانیان لە پێویستی هەر جۆرە دەسەڵاتێک هەیە. لە کەمترین حاڵەتدا پێیانوایە دەبێت پلەبەندی هەڵبوەشێنرێتەوە و هەندێکیان زیادتر لەوەش دەڕۆن و دژی جۆرەکانی دیکەی دەسەڵات دەوەستنەوە. لەبری پلەبەندی، دەبێت هەمو کەسێک کۆنترۆڵی ژیانی خۆی و قسەیەکی یەکسانی لە بڕیارەکانی گروپدا هەبێت'' (morpheus, 2003: 6). بەمپێیە ئەنارشیزم دژی هەمو دەسەڵاتێکن، لە دەسەڵاتی سیاسی و حیزبییەوە بگرە تاکو دەسەڵاتی ئایینی و مەزهەبی (تەنانەت دامەزراوە ئاینییەکان، وەک جۆرێک لە سیستەمی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی دەبینن)و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژییەوە، کە تێیدا پلەبەندی لە نێوان تاکەکان دروستدەکات، کە هەندێک، هەندێکی دیکە دەستەمۆ دەکەن و لە پێناو مەرامی خۆیان دەیان چەوسێنەوە. بۆیە ''ئەنارشیزمەکان دژی سەروەریی چینایەتین لە خێڵەکییەوە تاکو پاشایەتی و دەوڵەتی هاوچەرخ و فەرماندارێ- پەرلەمانیی، نەک بەس جۆرێک لە سەروەریی، خوازیاری خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتیی شوێنی کار و ژیانن لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمیی خۆجێی و یەکێتی فێدرالیستیی ئازادانە. هاوکات دژی هەمو ستەم و هەڵاواردنێکین، نەک بەس دژی جۆرێکی ستەم و هەڵاواردن، خوازیاری یەکسانی مافی تاک و کۆمەڵەکان، ئەرکی ڕەگەزەکان، یەکسانی ماف و ڕەواپی کولتورەکانن. واتا دژی هەمو ڕێکخستنێکی نێوەندگەرا، قوچکەیی، پارتیی و دەوڵەتیین، نەک بەس دژی جۆرێکی دیاریکراو، خوازیاری خۆڕێکخستنی جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ و ئاسۆیین، بەبێ سەرۆک و ڕابەر و دامەزراوەیی دەوڵەتی'' (هەژین، ٢٠١٩: ٢). واتە تەنیا دژی یەک جۆر دەسەڵات نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی دژی هەر جۆرە دەسەڵاتێکی نێوەندگەرایە، و خوازیاری خۆبەڕێوەبەری جەماوەری و کۆمەڵایەتیی سەربەخۆیە.

لە پەیوەست بە شۆڕشگێڕ بێکەسەوە بە تایبەت لە (ئێستا کچێك نیشتمانە)دا سەراپای دەقەکە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و کولتوری...تاد، بەجۆرێک، پێیوایە ئەم جۆرە لە دەسەڵات و دامەزراوانە توانیویانە فەزایی ئازادی تاک و گروپە کۆمەڵایەتییەکان لە قالب بدەن، هیچ ڕوبەرێکی ئازاد بۆ تاک لەم نیشتمانە نەماوەتەوە، بۆیە شۆڕشگێڕ لە خودی نیشتمان و کۆی سیستەمەکەی یاخی دەبێت و ڕەتیدەکاتەوە و هەمو جۆرە دەسەڵاتێک، کە تاک دەستەمۆ دەکات ڕەخنە دەکات. وەک دەڵێت:

بەیانیت باش!
من ناوم (بولبول)ە
خەڵکی ئەم باخچەیەم
دەمێکە باخەوانێکی تورەمان لێ پەیدابوە
نە گوڵێ نە داری نە مەڵێ

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

بێ ئاگابون چۆن هاتوە و

کێ کردوێتی بە باخەوان (شێرکۆ بێکەس، 2011: 15-16)

ئەگەر ئاورێك لە ڕەمزی (بولبول) بدەینەوە، لە ئەدەبیاتی کوردیدا، بولبول ڕەمزێکی دیارە بۆ ئازادی و خۆشەویستی و پیشاندانی جوانیی سروشت. لێرەدا بولبول وەک دەنگی خەڵك و کۆمەڵگە دەردەکەوێت (**خەڵکی ئەم باخچەیەم**)، نەک تاکە کەسێکی نەناسراو. ئەمە یەکێکە لە بنەماکانی ئەنارشیزم: هێزی کۆمەڵایەتی لە خەڵکەوە دێت، نەک لە دەسەڵاتی فەرمی. باخچەش، وەک ڕەمزی کۆمەڵگە، ڕەمزی کۆمەڵگەیەکی ئایدیاڵییە، کە خەڵک دەیانەوێت هەردەم لە ئارامی و هاوسەنگیدا بژین. بەڵام لە دیدی (شێرکۆ)وە باخچەکە وێرانکراوە (نە گوڵێ نە داریێ نە مەڵێ). ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەوەیە، دەسەڵات (باخەوانەکە) سروشت و ئازادیی کۆمەڵگە تێکدەدات. باخەوانەکە، وەک دەسەڵاتی خراپ، ڕەمزی دەسەڵاتی سەرکوتکارە: (تووڕە ئاماژەی بێ ڕەحمی و زۆرەملێ)یە. (بێ ئاگابون چۆن هاتوە) ڕەخنەیەکی ڕاستەوخۆی شاعیرە لە دەسەڵاتی بێ ڕەگ و ناسنامە و بێ پاساوە، کە خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندوە.

پرسیارە جەوهەرییەکەی شاعیریش ئەوەیە: (کێ کردوێتی بە باخەوان؟) پرسیارێکە یەکانگیرە لەگەڵ دونیابینیی تیۆری ئەنارشیستی، کە دەسەڵات لە کوێوە دێت؟ کێ هەیمەنەی دەسەڵات دروست دەکات؟ ئەمە ئاماژەی ئەوەیە دەسەڵات خۆڕسک نییە، بەڵکو بە ڕەوایەتیی هێز و ئاڕاستەیەکی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت. ئەوەی شێرکۆ بە ڕژدییەوە دەیەوێت بیڵێت بریتییە لە: بە ڕاستەوخۆ ڕەخنەگرتن لەو سیستەم و دەسەڵاتەی حکومەت و حزب، کە بە زۆر دەیەوێت نوێنەرو شوێنگرەوەی باخەوانێکی پڕ لە بولبول بکات.

ئەوەی شێرکۆ بێکەس دەیەوێت بیدرکێنێت بریتییە لە وێرانکردنی کۆمەڵگە و ژێرخانی کۆمەڵایەتیی سنورەکە، کە هەیمەنەی دەسەڵاتێکی ناخۆڕسك و دروستکراو و سەپێندراو هەر (گەندەڵی)ی لێ دەکەوێتەوە و درکاندنی: (بێ ئاگابون چۆن هاتوە) هاوپەیوەندە بە تێڕوانینی ئەنارشیستی. ئەنارشیزم دەسەڵات بە هێز و بونێکی نەرێنی بۆ سەر کۆمەڵگە دەبینێت. لەم کۆپلەیەدا خەڵك بە بولبول، دەسەڵات بە باخەوان دەچوێنێت. دەسەڵات (باخەوان)یش، وەک دەستدرێژیکەرێکی بەسەر سروشت و کۆمەڵگە دەردەکەوێت. پرسیاری (کێ کردویەتی بە باخەوان؟)یش بانگەشەیەکە بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەی، کە دەسەڵات پێویست نییە و زیادە و بارێکە بەسەر شانی کۆمەڵگەوە. ئەم کۆپلە شیعرە، وەک مانیفێستێکی ئەنارشیستی دەردەکەوێت، کە هاندەرێکی خەڵکی بێدەسەڵاتە تاکو دەسەڵات بخەنە ژێر پرسیارەوە و هەوڵی گەڕانەوەی باخچەکە (کۆمەڵگە) بۆ نێو سروشتی ڕاستەقینە و ئازادی بدەن.

بە جۆرێك دەسەڵات و جەبەروتی دەسەڵات بێزاری و هەراسانی بۆ هاوڵاتیانی تا بینەقاقا ڕۆیشتوە و کۆمەڵگە و تاکەکانی بە ڕژدییەوە دەرك بەم مەترسییەی دەسەڵات دەکەن و هەمو گوڕی خۆیان بۆ ڕەتکردنەوە و دەرککردنی ئەو مەترسییەی دەسەڵاتی پاوەنخوازی و بێزارکەر خستوەتەگەڕ:

نیوەڕۆت باش!
من ناوم کیسەڵە
ئەوە چەند ساڵە لەم گوێ گۆمە
حەماڵی ئەکەم
ئا ئەو کونەیش ماڵەکەمە.
بەڵام دوێنێ چەند قاچێکی نیشتمانم لێ پەیدابون
تووڕە و ترۆ
بە نوکە شەق هەتا ئەو خوارە بردیانم (شێرکۆ بێکەس، 2011: 29-30)

بە شێوازێکی ڕەمزی و سادە، باسی ڕووبەڕوبونەوەی تاکێک، کە بەهۆی لادانەوە بە ئاژەڵ (کیسەڵ) کراوە، لەگەڵ دەسەڵاتێکی زۆردار و پاوەنخواز دەکات. ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی پاوەنخوازی پرسێکی گرنگی فکری هەر ئەنارشیزمێکە بەو ڕادەیە شاعیر چاوی چوەتە سەر وردە شتانێکی نێو سروشت و بە ڕژدییەوە وابەستەی بە سیاسەت و دەسەڵاتەوە کردوە، زیندوێتییەکی جوانی بە وێنەکە بەخشیوە. گوتنی: (ئا ئەو کونەیش ماڵەکەمە) لەسەر زمانی کیسەڵ دەستەواژەیەکە زۆر جێی تێڕامانە. کونێک، کە نیشانەیەکی ڕەمزییە بۆ پەناگەیەکی سادە و کەمترین ماف و بە (ماڵ) دانان سەلمێنەری ڕازیبونە بە سادەترین و سنوردارترین ماڵ و شوێنێك. لە دونیابینی ئەنارشیستیدا، بیرۆکەی (خاوەنداریەتی) بە تایبەتی خاوەندارییەتی زەوی و موڵک، یەکێکە لە بناغەکانی دەسەڵاتی نایەکسانی دروستکەر، بەڵام لێرەدا کەسەکە هەر خۆی بڕیاری داوە چی بە (ماڵ) دادەنێت. ئەمە نیشانەیەکی ڕاستەوخۆی سەربەخۆیی تاکەکەسی و ڕەتکردنەوەی پێوەرەکانی کۆمەڵگەی دەسەڵاتدارە بۆ پێناسەی نیشتەجێبون. ئەو کونە بۆ خۆی شوێنێکی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

کەم و سادە، بەڵام ئازادە، بەبێ ئەوەی خاوەنێکی دەسەڵاتدار فەرمانی پێبکات. زەبر و زۆرپی دەسەڵات، زۆر (تورە و ترۆ بە نوکە شەق هەتا ئەو خوارە بردیانم) بە ڕوونی تایبەتمەندییە تورە و تووندوتیژەکانی دەسەڵات نیشاندەدا. دەسەڵاتێکی پاوەنخواز بە زۆری پشتی بە هێز و زەبر دەبەستێت بۆ مانەوە و شەرعییەتدانی بە خۆی. ئەم زەبرە نیشانەیەکی ڕاستەوخۆی دۆخی ڕق و کینە و نائارامییە، کە دەسەڵات لە ڕەفتاریدا دەینوێنێت. (هەتا ئەو خوارە بردیانم) ئەوە پیشاندەدات، کە ئامانجی ئەم زەبرە تەنیا ڕاگرتن نییە، بەڵکو شکستپێهێنان و لاوازکردنی ڕوحی و فیزیکییە تا ئەوپەڕی. نیشتمانیش، وەک بنەما و بونێکی ساختە (چەند قاچێکی نیشتمانم لێ پەیدابون) لە دونیابینیی ئەنارشیستیدا، نیشتمانپەروەری و دەوڵەت هەر بەڕێوەبەرەکانن، زۆرجار وەک ئامرازێک بەکاردەهێنرێن بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە پەیوەستدارەکان بە نیشتمان بە دەسەڵاتێکی ناوەندی و هەپرونکردنی هەستی تاکەکەسی، کە ئەم دیاردەیە لەنێو شیعری هاوچەرخی کوردیدا بەتایبەتی لای (عەبدوڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، بەختیار عەلی، ڕێبوار سیوەیلی، تەڵعەت تاهیر، ... تاد) لەوپەڕی دایە. ئەوەی کە دەسەڵات (قاچێکی نیشتمان)ی بۆ نازڵ دەکات، ئاماژەیە ئەم چەمکە بەکاردەهێنرێن بۆ ڕێگەگرتن لە ڕەفتارێکی سەربەخۆیانە. زەبرەکە بە ناوی نیشتمانەوە دەدرێت، کەوا نیشاندەدات دەسەڵات چۆن؟ هۆکارە ساختەکان بەکاردەهێنێت بۆ مەحاڵکردنی کردەوەی زۆرداری.

کەسێتی کیسەڵە، کەسێتییەکی زۆر کەمبەکارهاتوی نێو دونیای ئەدەبی کوردییە. دەتوانین بڵێین لە کەسێتییە تازەتاقیکراوەکانی نێو هەر گێڕانەوەسازی و کارەکتەرسازییەکی نێو ئەدەبی کوردییە. بە ئاژەڵێکی کەوپی قانع و سەربەخۆ و لەسەرەخۆ جیادەکرێتەوە، کە زۆرجار وەک نیشانەیەک بۆ پشودرێژیی ڕەها و ڕازیبونی بەکاردەهێنرێت. هەڵبژاردنی ئەم ناوە بە شێوازێکی ڕەمزی، بەرگری و ڕەهایەتی کەسەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی نیشاندەدات. ئەو کەسێک نییە بە ئاسانی ملکەچ بێت. ئەو سەربەخۆیە و لە گوێ گۆمێك ژیانی کردوە، کە ئاماژەیەکی دیکەیە لەو کونە پەنهانە سادەیەی، کە دروستی کردوە بۆ ڕزگاربون لە داگیرکاریی دەسەڵات.

بیرۆکەکە لای شێرکۆ بێکەس خۆی لە پاکێجێکی دژە دەسەڵاتیدا دەبینێتەوە، وەک مانیفێستێکی وێناکارانە کار دەکات بۆ ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی پاوانخواز لە ڕوانگەیەکی ئەنارشیستییەوە. ئەوە نیشاندەدات، کە چۆن دەسەڵات: (پشتی بە زەبر و زۆر دەبەستێت و پێناسەی ساختە (نیشتمان) بۆ ڕێگەگرتن لە ئازادی بەکاردەهێنێت. هەوڵدەدات سەربەخۆیی تاکەکەسی تێکبشکێنێت. لە بەرانبەریشدا (کیسەڵ) نمونەیەکی ئەو هاوڵاتییەیە، کە ژیانێکی سادە و سەربەخۆیی بەرێوەدەبات، بەڵام بەردەوام لە مەترسی داگیرکاریی دەسەڵاتێکی تورە و تووندوتیژ دایە. بەپێی دونیابینیی ئەنارشیستیش ئەمە سەرەکیترین کێشەی هەر کۆمەڵگەیەکی مودێرنە. شێرکۆش لەم گێڕانەوەیەدا لای لەم پرسە جەوهەرییەی نێو کۆمەڵگەی کوردی داوەتەوە و وێنەیەکی دیاری ئەم پرسەی بە وردییەوە پیشانداوە و وەك تاکێکی بە ئاگا و ئازاد نەفی ئەم دیاردەیەی دەسەڵات دەکات.

٢. ٢/ پرسی ئازادی:

یەکێکی دیکە لەو بنەمایانەی، ئەنارشیزمەکان بڕوایان پێیەتی و گرنگیپێدەدەن پرسی ئازادی مرۆڤە، پێیانوایە تاک بە سروشت ئازادە، ناکرێت لەژێر ناوی هیچ دامەزراوە و حکومەتێک ئازادییە تایبەتییەکانی زەوتبکرێت یاخود پێشێلبکرێت. بۆیە زۆر بڕوایان بەو گوتەیە هەیە، کە دەڵێت: (مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێت و دەبێت بە ئازادیش بژی). ئەنارشیزمەکان ''دژی هەمو سالاریەکی مرۆڤ لەسەر مرۆڤن، نەک بەس جۆرێکی، ئەوان خوازیاری یەکێتی و هاوپشتی خۆخواستانە و خۆبەخشانەی تاک و کۆمەڵە ئازادەکانن'' (هەژێن، ٢٠١٩: ٢) واتە هەمو زاڵبونێکی مرۆڤ لەسەر مرۆڤێکی دیکە نادیدە دەگرن. پێیانوایە مرۆڤەکان لەسەر بنەمای خواست و ویستی خۆیان پێویستیان بە یەکێتی و یەکگرتوی خۆبەخشانە هەیە. بە جۆرێک لای ئەوان بالادەستی دژبەرێکی سەرەکی ئازادییە، بۆیە بەردەوام هەوڵدەدەن ئەم سیستەمانە هەڵبوەشێنەوە، کە ئازادی تاک لە ژێر هەر ناوێکدا سنوردار دەکەن. جا سیستەمی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، ئاینی و مەزهەبی...تاد) بێت.

لای شێرکۆ پرسی ئازادی مرۆڤ یەکێکە لە پرسە جەوهەرییەکانی دونیای شیعر، بە ئەرکی خۆی دەزانێت بەرگری لە ئازادییەکانی مرۆڤ بکات، دژی هەمو جۆرە سیستەمێک و دامەزراوەیەک دەوەستێتەوە، کە بیهەوێت ئازادییەکانی تاک سنوردار بکات، هەروەک لەم دەقەدا دەڵێت:

ئەم نیشتمانە
منی بەهاری ڕاپەڕینی پیر کرد
گۆرانیەکانی کردم بە پۆڵێ
باڵندەی باڵشکاو.
بە خەونی دەم با.
ئەم نیشتمانە

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

وەکو تۆ ئەی گەنجی سەرجادەی سەهۆڵەکە
گۆرانیە سەوزەکانی منیشی زەرد کرد!
وەك چاوی تۆ
چاوی گەڵاکانی منیشی تاریککرد!
وەك دەستی تۆ دەستی لقەکانی منیشی
شکاندەوە و وەك شیعری تۆ
ئەی گەنجی سەرجادەی سەهۆڵەکە
شیعری منیشی وێرانکرد! (شێرکۆ بێکەس، 2011: 64-65)

لەم کۆپلەیەدا نیشتمان وەك دژبەر دەرکەوتەی هەیە و لە تیۆری ئەنارشیستیدا، دەوڵەت ئامرازێکی سەرەکییە بۆ ڕاگواستنی دەسەڵات و کۆنترۆڵی شتەکان بە ڕێکخراوی. لەم شیعرەدا (نیشتمان) نیشاندراوە، وەك بەرپرسیارێکی سەرەکیی توندوتیژی و زەوتکردنی ئازادی لەسەر تاکەکەس بەتایبەتی (گەنج و شاعیران) جێبەجێدەکات. نیشتمانی ژێر دەستی دەسەڵاتداران، وەك هێزێك نیشاندراوە، کە بەرانبەر بەخۆبونی و ڕاپەڕین (بەهاری ڕاپەڕین) دەوەستێتەوە، نەك وەك پەناگایەکی خۆشەویست. ئەمە دەرکەوتەیەکی ئەنارشیستییە. ڕەتکردنەوەی خۆشەیستنی نیشتمان و دەستکەوتەکانی دەوڵەت، وەك شتێکی بێگەرد. تێکشکاندنی کەرەستەکانی دەربڕین و ڕزگاربون لەدەستی ئەوانی دیکە. بەڵای ڕوانینی ئەنارشیزم، تاکەکەس و توانای کەسیی بۆ دەربڕین و خۆڕاگواستن گرنگە. لەم شیعرەدا، نیشتمانەکە تەواوی کەرەستەکانی شاعیرەکە بۆ هونەر و ڕزگاربون تێکدەشکێنێت و بوارێك نەماوەتەوە بۆ هەناسەدانێکی ئازادانە، کە گەنج قوربانیی یەکەمە.

شێرکۆ وردتر وێنای ئەو نائازادییە دەکێشێت، کاتێك دەڵێت: **(گۆرانیەکانی کردم بە پۆڵێ بانّندەی بانّشکاو)**. گۆرانی ئاماژەی ئازادی و دەربڕینە، دەکرێتە پۆڵێ (بانّندەی بانّشکاو). واتە هێزی ڕاپەڕین و دەربڕینی ئازاد کراوە بە بەڵگەیەکی مردو و بێ ژیان. هەروەها کە دەڵێت: **(گۆرانیە سەوزەکانی منیشی زەرد کرد!)** سەوزایی گۆرانی ئاماژەی ژیان و ژیانەوە و گەشە و ئومێدە. بەڵام (زەرد کرد) ئاماژەیە بۆ پوچەڵکردنەوە وشککردنەوە و کوشتنی ئەو ئومێدەیە، کە شاعیر چاوی لەدوایەتی و بۆی لە تەقەڵادایە و نائومێدە بەوەی دەسەڵات بەو سانایی دەستی زبری خستوەتە سەر بینەقاقای ئەو ئازادییەی، کە پێویستە هەبێت.

شیعر باڵاترین شێوازی دەربڕینە: **(شیعری منیشی وێرانکرد!)** دەکرێت، ئەمە نیشانەیەکی ڕاستەوخۆیە لەوەی، دەسەڵاتی ستەمکار تەنانەت متمانە و توانای هونەری و فکری تاکەکەسیش بۆ ڕزگاربون تێکدەشکێنێت. ئەمە ئاماژەیە بۆ سانسۆرکردنی بیرۆکراسی دەوڵەت بەسەر هونەر و شیعردا. بەراوردکردنی تاکەکەس و سروشت بە دیدی ئەنارشیستەکان لەمەوە نزیکە، کە زۆرجار پەیوەندی نێوان تاکەکەس و سروشت ڕێکدەخەن. لێرەدا شێرکۆ بێکەس خۆی وێنا دەکات، وەك دەرختێك یان ڕوەکێك **(گەڵاکانی منی تاریککرد، لقەکانی منی شکاندەوە)**. دەسەڵاتی نیشتمانەکە، وەك هێزێکی توندوتیژی دەردەکەوێت، کە ئەم سروشتە تێکدەشکێنێت. ئەگەرچی شێرکۆ بە هونەری لادان پڕۆسەی بەڕوەککردنی ئەنجامداوە و خودی ئەم لادانەش لە (مرۆڤەوە بۆ ڕوەك (گەڵا و لق) پڕۆسەیەکی زۆر هونەرکارانەیە، بۆ پیشاندانی ئەوەی مرۆڤ پێویستە بە سروشتی خۆی ڕەنگی گەشی گەڵاکانی و پتەوی و ساغیی لقەکانی پەرەپێبدات. بەڵام ئەوە دەسەڵاتە ئەم ئازادییەی بەرتەسککردوەتەوە تا ئەو ڕادەیەی نەك هەڕەشەیە لە بەردەم ئازادییەکانی تاکەکانی نێو نیشتیمان، بگرە ئازاردەر و وێرانکەری خودی تاکەکانی نێو نیشتمانیشە. **(چاوی گەڵاکانی منیشی تاریککرد!)** لێرەشدا گەڵا ئاماژەیە بۆ ژیان و بینین. تاریککردنی چاوی گەڵا واتا کوشتنی توانای بینین و ژیانی ئەوانی دیکە. **(دەستی لقەکانی منیشی شکاندەوە!)** شکاندنی لقەکان واتا شکاندنی هەوڵ و گەشەکردن و فراوانبونە. **(گەنجی سەرجادەی سەهۆڵەکە)**ش دەکرێت دو واتای هەبێت:

یەکەم: قوربانی: ئاماژەیە بۆ گەنجێکی شەهیدکراو یان ئەشکەنجەدراو، کە دەسەڵاتی حزبی ماوەی نوسینی (ئێستا کچێك نیشتمانمە) ئەرکی هەلاهەلاکردن و وێرانکردن و پەژموردەکردنی ئاوات و خولیا و خەونی گەنجانی سلێمانی بو، کە شێرکۆ لە ئاماژەی (گەنجی سەرجادەی سەهۆڵەکە) هیچ لێلییەکی لە بەردەم ئەم ئاماژەیەدا نەهێشتوەتەوە و بە ڕاستەوخۆی پەیامی ڕونی گەیاندوە.

دوەم: وەك هێزی کار: ئەو ئاماژەیەی تێدا دەخوێندرێتەوە: (گەنجی سەرجادەی سەهۆڵەکە) بەشێکە لەنێو سیستەمە خولاوەکەی دەسەڵات، بەڵام خۆشی قوربانی ئەو سیستەمەیە. ئەمە یەکانگیرە لەگەڵ جەوهەری تیۆری ئەنارشیزم، وەک ئاماژەی پێدرا، کە دەسەڵات لە پێناو مانەوەی خۆی لە ڕێگەی سیستەمێکی پلەبەندی و هەڕەمی، کار لەسەر لە تێکشکاندن و کوشتنی ئەوانی دیکە دەکات.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

بە گشتی ئەم لەم کۆپلەیەدا وێنەیەکی بەهێز لە کارلێکی نێوان تاکەکەس و دەسەڵات نیشاندەدات. لە ڕوانگەیەکی ئەنارشیستییەوە دەسەڵات لە بەرگی (نیشتمان)دا وەك هێزێکی توندوتیژی و تێکشکێنەر دەردەکەوێت، کە هونەر، ئومێد و تەنانەت خەونەکانی تاکەکەسیش لە پێناو مانەوەی خۆی تێکدەشکێنێت. ئەو کاتەش شێرکۆ بە ڕەهایی دەگاتە ئەو حەقیقەتە، کە دەڵێت:

ئەم کاتەت باش!
من ناوم گوڵی دار هەرمێیە
بەڵام وەك ئەبینن ڕەشیان کردوم
ئەم نیشتمانە ڕِق لە ڕەنگی سپییە
هەر لەدوای گەشانەوەم
دوکەڵیان هێنا و بەزۆر کردیان بە هاوسەرم (شێرکۆ بێکەس، 2011: 67)

وەك ڕونە ڕەنگی (سپی) لە دونیابینیی تاکی کوردیدا هێمای ئاشتی و پاکییە و بە پێچەوانەشەوە ڕەنگی (ڕەش) هێمای گرژی و ئاشوب و نەهامەتی و تەعزیباریی و غەمگینییە. بە هیچ کلۆجێك شێرکۆ ئەوە لە دەسەڵات چاوەڕێ ناکات بەشێك بێت لە شادیهێنی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەکەی، هێندەی مژوڵی هێنانی ئاشوب و غمگینی و بێزاربیە، بۆ تاکەکانی نێو کۆمەڵگە. شاعیریش دەیەوێت ئەو هۆشیارییە پەخش بکات، کە بەئاگاهاتنەوەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە و هۆشیاریی کۆمەڵگە بەرانبەر دەسەڵات مەرجی خۆڕزگارکردنی هەر تاکێکە بۆ دەربازبونی لە ژێردەستەیی و نائازادی و سەرکوتکاریی تاکەکانی و خۆدەربازکردن لە سیستمێکی ستەمکار و چەوسێنەر.

٢. ٣/ یارمەتیدەری هاوبەش و خۆبەڕێوەبەریی:

هاوکاری و بەدەنگەوە بونی تاکەکان کۆمەڵگەدا، بەلای ئەنارشیزمەکانەوە گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئەوان بڕوایان بە سالاری و زاڵبونی تاک بەسەر تاکی دیکە نییە، وەک یەک جەستە سەیری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکەن، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەڵێن: "لەبری هەوڵدان بۆ زاڵبون بەسەر یەکتردا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت لەسەر بنەمای هاوکاری و هاوبەشی خۆبەخشانە بن. کاتێک تاکەکان پێکەوە کۆدەبنەوە بۆ یارمەتیدانی یەکتر، دەتوانن زیاتر بەدەست بهێنن، وەک لەوەی، کە دژی یەکتر کار بکەن" (morpheus, 2003: 6). بەمپێیە کاری هاوبەش و هەرەوەزی تاکەکان بە گرنگ دەزانن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان، دژی پەرتەوازیی سیاسی و جەماوەرین، هەروەکو دەگوترێت: ئەنارشیزم دژی هەمو پەرتەوازییەکی ڕامیاریی، ئابوریی، کۆمەڵایەتی و کولتوریی دەستەبژێر و گروپەکانن، نەک بەس دژی جۆرێکی، خوازیاری ئازادی، یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیین (هەژێن، ٢٠١٩: ٢).

شێرکۆ لە شیعرەکانیدا بە تایبەت لەم دەقەدا داوای کاری هەرەوەزی و هاوبەشی لە نێوان دەکات، بێ جیاوازی بۆئەوەی بتوانن پێکەوە بە خەون و ئامانجەکانیان بگەن، وەک لەم دەقەدا دەڵێت:

سڵاوێکی دور و درێژ!
من ناوم (پرچ)ە
نیشتمانم سەری ژنێکە.
لە سێ لاوە گەمارۆ دراوم
بە حیجاب!
چەندین ساڵە زیندانیم
نە هەتاو ئەتوانێ
سەردانم بکا و
نە (با) و
نە ئەهێڵێ بچمە دەرێ و
ڕێگەش نادا
بە هیچ شیعرێ یان ئاوازێ
کە بێنە لام. (شێرکۆ بێکەس، 2011: 74-75)

ئەگەر سەرنج بدەین (پرچ) بە هەمو دەرکەتەی لە وشەکانی دیکەیدا (سەری زوڵف، زوڵف، ئەگریجە، کاکۆڵ، ... تاد) هەردەم دەرکەوتەیان لە شیعردا بریتییە لە دەرکەوتەی جوانی، ئازادی، ڕەهایی ... تاد. کاتێك لای شێرکۆ لە چوارچێوەی تخوبی سەری ژنێك، کە بە نیشتمان چوێندراوە، دەرخەری کۆتوبەدی و نائازادی و لە گۆشەکردندایە و شێرکۆ دەیەوێت بە هەر کلۆجێك بێت ئەم لەمپەڕ

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

و بەربەستانە بە هەر میکانیزمێك بێت تێکبشکێنێت. ڕووبەڕووبونەوەی ئەم کۆتانەش پێویستی بە دەستەجەمعی و هەرەوەزی هەیە بۆیە دەڵێت:

وەڵێ ئیتر
من بە نەهێنی
لەگەڵ پەنجەکاندا ڕێکەوتوم
ئەمشەو زیندانەکە ئەبڕین
ئازاد ئەبم
لە دواییشدا
حیجابەکەیش ئەدەینە دەست
چەخماخەیەك
لەسەر بەرزترین لوتکە
بە بەرچاوی مێژەرەکانی دنیاوە
بیسوتێنێ! (شێرکۆ بێکەس، 2011: 75-76)

ڕێککەوتنی پرچ بە نهێنی لەگەڵ پەنجەکان، ڕێککەوتنێکی خۆشەویستی و هۆگریيە. کۆکردنەوەی (چرچ و پەنجە) کۆکردنەوەیەکە پڕە لە هارمۆنیا و گونجان. ئاماژەدان بە نهێنیش جارێکی دیکە سەلمێنەری ئەو ڕێککەوتنەیە، کە دووبەرە دەیسازێنن. زۆرینەی ڕێککەوتنەکان (نهێنی) مەرجی پێشوەختە و سەرکەوتنی ڕێککەوتنەکانە. لەوێوە پڕۆسەی ئازادی لە دەستی کۆتوبەندی دەسەڵات مەیسەر دەبێت.

لەم کۆپلەیەدا ئایدۆلۆژیای دینی و پیاوسالاری و دۆگمایی کولتوریی پیاوسالاری ئامادەییەکی حەتمی هەیە. بۆیە دەربڕینی **(بە بەرچاوی مێژەرەکانی دنیاوە، بیسوتێنێ!)** سوتاندنی (حیجاب) بەبەرچاوی (مێژەرەکانی دنیا) واتا بەگژداچونەوەی ئایدۆلۆژیای دینی بە بەرچاوی دەسەڵاتی پیاوسالاریيە، کە وا ڕێککەوتوە زۆرینەی جار ئایدۆلۆژییە توندڕەو و جوانیکوژەکان بەرهەمی پیاوانن، نەك ڕەگەزی بەرانبەر.

ئەوەی جێی سەرنجە خودی ئەم ڕێککەوتنەی (پرچ و پەنجە)یە، کە دەبێتە فریادڕەسی تێکشکاندنی کۆتوبەند و خۆڕزگارپی. هەردەم کاری پێکەوەپی و هەرەوەزی یەکێکە لە نەهجە دیارەکانی ئەنارشیزمی دژی هەر هێرشی ئۆردویەکی ئایدۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتی.

٢. ٤/ یەکسانیخوازیی ڕادیکاڵی:

یەکێك لە تایبەتەمەندییە گرنگەکانی ئەم تیۆرە، وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا ئەوەیە، بڕوای تەواویان بە بەرانبەری و یەکسانی، بە مانای ڕاستەقینەی وشەکە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەیە (محمدی، ١٣٩٣: ٥). بە جۆرێک ئەم یەکسانییە، یەکسانییەکی گشتگیرە کۆی کایەکانی ژیان دەگرێتەوە لە لایەنی سیاسی، ئابوورییەوە، تاکو لایەنی کۆمەڵایەتی و ئاینی و کولتوری. واتە زۆر جەخت لەسەر کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگ و یەکسان دەکەنەوە. دەگوترێت: ئەنارشیزمەکان باوەڕیان بە کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخواز لە هەموبوارەکاندا هەیە. ئەمە بە واتای کۆمەڵگەیەکی تۆتالیتاری نایەت، کە هەموکەسێک یەکسان بێت، یان ژیانی یەکسان بژیت. ئەمە بە واتای نکۆڵیکردن لە جیاوازی یان ناوازەیی تاکەکان نایەت. بەڵکو باوەڕیان بە یەکسانی لە سامان و دەسەڵاتدا، ...تاد هەیە، کە دەرئەنجامێکی سروشتی هەڵوەشاندنەوەی پلەبەندییە لە کۆمەڵگەدا (morpheus, 2003: 7).

دەق (ئێستا کچێك نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەس، سەرلەبەری بریتییە لە دژوەستانەوە بەرانبەر (نایەکسانی، زوڵم، سەرکوتکاری، پاوەنخوازە، دەسەڵاتدارێتی، ئایدۆلۆژیای توند، سیاسەتی پاوەنخوازی، ... تاد)، بەستێنی هاتنەکایەی ئەم دەقە کەوتوەتە نێو سەردەمێکی پڕ کێشمەکێشی سیاسی و ئاڵنگاری و بەربەرەکانی و هەراوزەنا. بۆیە لە هەر گۆشەیەکەوە خەریکی خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئەم بەرهەمە بین، بریتییە لە دەقێك مەرامی سەرەکی بۆ یەکسانییە و دژی هەر داگیرکاری و پاوەنخوازی و زوڵم و نایەکسانییەکە، کە هاوئاهەنگە لەگەڵ جەوهەری تیۆری ئەنارشیزم. لە دەربڕینێکدا شێرکۆ بەرانبەر ئەو نادادی و نایەکسانییە دەڵێت:

خۆ هەر من نا.
ڕەشەبایش وتی:
ئەو هەموگفەگفە و هەرگوێی نەگرت.
چەخماخە وتی:

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ئەو هەمو بروسکە و داگیرسان و داڕژانانە و
هەر گوێ نەگرت!
باخچە وتی. شەقام وتی، بازاڕ وتی
قەڵەم و دەفتەر و کێڵگە و لێرەوار و
تەیر و تواڵ و ئاژەڵ و
ئەو هەمو پەلکەگیا و گەڵا و مێرولە و
قەلەباچکە ڕەشپۆش و
کەرۆێشکی هەتیو ئەو هەمو وشە غەمگین و
ئەو هەمو پاییزە بێوەژنانە
بە دەم زریکە و قیژەوە
هاواریان کرد
بەڵام ئەم نیشتمانە پیرۆزە
هەر گوێ نەگرت! (شێرکۆ بێکەس، 2011: 45-46)

ئەم هەمو دەربڕین و گۆشە جۆربەجۆرانەی هاوار، لەسەر زمانی چەندین گیاندار و ئاژەڵ و دیاردەوە، بۆ گەڕانەوەی یەکسانی، بۆ ڕەهابونی تاك، بۆ کپکردنی سەرەڕۆیی دەسەڵاتە. وەك لە کۆتاییشدا بە ڕونی ئەوە دەرخراوە، کە دەرخراوەکە بریتییە لە دونیابینیی شێرکۆ بێکەس بۆ فیگەرەکانی (نیشتیمان)، کە نیشتیمان بە هیچ کلۆجێك ئامادەیی گوێگرتنی نەبوە، ئامادەیی فراژی نەبوە، نەیویستوە تێبگات، بە ڕەهایی پشتی لە هەمو ئەو تکا و هاوارە جۆربەجۆرانە کردوە، کە شاعیر بە چەندین شێوە و جۆری زمان دەربڕیون. سوربونی شاعیر لەسەر ئەم هەموە جەختکردنەوە ڕژدییە هەر بۆ ئەوەیە بڵێت ئەوە نیشتمانە ئامادەیی سازش، خۆگۆڕین، فراژ، ... تاد، نییە.

لە شوێنێکی دیکەدا شاعیر دژی ئەو سرود و هوتافە مردو و بانگەشە بێ ڕۆحانە دەوەستێتەوە، کە دەسەڵات بەردەوام دەیانکاتە هوتافی سەرەکیی خۆی بۆ ڕازیکردنی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە:

تۆ نیشتمان..!
ئەم سروە چی لێبکەم؟!
ئەگەر هێناوتە بۆئەوەی وەك هەمو جار
لە جێگەی نان، قسەی سەوز و سورم باتێ
بیبەرەوە! با شاخ و داخ گوێ لێبگرێ!
ئەگەر هێناوتە بۆئەوەی
لە باتی نان، لە بری کار، لە جیاتی ژن
بەڵێنی بێ قاچم باتێ
بیبەرەوە، با کورسییەکانی پەرلەمان
گوێ لێبگرن! (شێرکۆ بێکەس، 2011: 44)

ڕازینەبون بە بەڵێنی بێ کردار، بە بەڵێنی بریقەدار و فەنتازی و لە بەرنبەریشدا بێکار، بێماڵ و بێ هیوا بێپەروا تاکەکانی دەمێننەوە. بۆیە سەرلەبەری ئەو هوتاف و سرودانە لەلای تاکەکانی نێو کۆمەڵگە پێشوازی لێنەکرا و بێ ڕۆح دەمێننەوە. جگە لە وزەی هوتافی سیاسی و دەسەڵاتداران شتێکی دیکەی لێ شین نابێت و هیچ ناخاتە سەر چارەسەری کێشەکانی تاکەکان.

هەروەها لە کۆپلەیەکی دیکەشدا ئەم دیاردەیە بە ڕونی دەرکەوتەی هەیە:

شەقامێکی ماندو وتی:
"بە دەنگی پێی ڕێبوارانداا
سکی خاڵی و سکی تێری
ئەم زەمانە لە یەکتری جوێ ئەکەمەوە
دەنگی قاچی سکی خاڵیی
بە حاڵ ئەگاتە گوێچکەم و

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

دەنگی قاچی سکی تێریش

هێنده قورسن، ئەملەرزێنێنن!" (شێرکۆ بێکەس، 2011: 47-48)

ئەم دیاردەیە لە دەق (ئێستا کچێك نیشتمانمە) لە دەیان شوێن لەسەر زمانی (کیسەڵ، نان، مەترە، کورسی، پشیلە، بەهار، کۆترە شینکە، پرچ، دیوار،ناڕازی، ئەسپی کوردی کوژراوی شەڕی ناوخۆ، ... تاد) ئەم پەیامە دەیانجار جەختی لێدەکرێتەوە و شێرکۆ بێکەس بە ڕژدییەوە بە وردییەوە کاری لەسەر ئەم نادادی و نایەکسانییە کردوە و مژوڵی دەرخستنی ئەو لاسەنگییەیە و دەیەوێت ئەکسانی ببێتە مەرجی لەپێشینەی ژیان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردی لە باشوردا. ئەم ڕوانینەش بەتەواوەتی هاوتەرازە لەگەڵ دیدی ئەنارشیستی، کە جەخت لەسەر یەکسانیخوازیی ڕادیکاڵی دەکەنەوە.

٢. ٥/ دژی مۆنکایەتیی تایبەت:

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە ئەنارشیزمەکان لە ڕەهەندی ئابوریدا زۆر دژیبون، مۆنکایەتیی تایبەت بو، بە تایبەتی (پیێر-جۆزێف پرودۆن)، وەک پێشتر ئاماژەی پێدراوە. ئەو دژی مۆنکایەتیی تایبەت بو، کە ببێتە جۆرێک لە سیستەمی کاپیتالیستی و دەوڵەتی، پێیوابو مۆنکایەتیی تایبەت هەلومەرجی کۆنترۆڵکردن و ملکەچی تاکەکان پەرەپێدەدا، چونکە لەناو مۆنکایەتیی تایبەتدا خاوەن مۆنک، کرێکاران و کارکەرەکانی دەچەوسێنتەوە. هاوکات "زۆرێک لە ئەنارشیزمەکان باوەڕیان وایە، کە مۆنکایەتیی تایبەت هۆی سەرەکیی نادادپەروەری و ئیستغلالی مرۆڤە. ئەوان مۆنکایەتیی تایبەت، وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و پەیوەستکردنی مرۆڤەکان بە سیستەمی سەرکردایەتی دەبینن" (hunt, 2010: 97). واتە لای ئەوان مۆنکایەتیی تایبەت هۆکارێکە بۆ نادادپەروەری و بەدەستهێنانی دەسەڵات و زوڵم و ستەم لای هەندێک بەسەر هەندێکی دیکەوە. بۆیە دژی دارایی تایبەت و دارایی دەوڵەتیین، خوازیاری دارایی کۆمەڵایەتیین (هەژێن، ٢٠١٩: ٣). هەرچەندە ئەنارشیزمەکان هەمو جۆرە مۆنکایەتییەکی تایبەتی ڕەتناکەنەوە، بەتایبەت ئەو جۆرەی، کە تێیدا تاک لە پێناو بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی بەکاریدەهێنیت، واتە لایان ئاساییە تاکێک خاوەنی زەوی و زار و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بێت، بەڵام بەشێوەیەکی سنوردار، نەک ئەم خاوەندارییەتییە بگۆڕێت بۆ جۆرێک لە سیستەمی سەمایەداری و بەدەستهێنانی توانا و دەسەڵات بۆ چەوساندنەوەی تاکەکانی دیکە، وەک چۆن "ئەنارشیزمی فەردی، پشتیوانی لە مۆنکایەتیی تایبەتی تاکەکەسییەکان دەکات، بە تایبەتی ئەو مۆنکەی، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەکاردەهێنرێت بۆ ژیان و ئازادیی تاکەکەس (chawy kurd, 2024: 1). هاوکات (جۆزێف پرودۆن) دەڵێت: مافێکی سروشتییە، کە کەسێک خاوەنی ماڵ بێت و زەوی یان ئامرازی بەرهەمهێنانی هەبێت، کە بتوانێت کار بکات، بەڵام تاکەکەس پێویستی بە کەمترین بڕی مۆنک هەیە، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی، ئازادی و بژێویەکەی (tutor2u, 2019: 2).

خودی ناونیشانی دەق (ئێستا کچێك نیشتمانمە) لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی مۆنکایەتیی تایبەت بونیادنراوە. ئەوکاتەی شێرکۆ بە درێژایی چەند دەیەیەکی شیعری بەرگری لە نیشتمان و شێت و شەیدای نیشتمانە و کاتێکیش دەبینێت نیشتمان بێپەروا دابەشی چەند دەستە و گروپێکی دەسەڵاتدارکراوە و لە لوتکەی شاخەکانەوە بۆ دامێنی شاخەکان، لەوسەری دەشتەکانەوە بۆ دامێنی دەشتەکان، ئەو گرد و ئەو لێرەوارانە سەرجەمیان مۆنکایەتییان بۆ دەسترۆیشتوەك دەگەڕێتەوە، بە ڕادەیەك ئەم مۆنکایەتییە (کیسەڵ، مەترە، کۆترەشینکە، کورسی، کەروێشك، ... تاد)یش هەراسان دەکەن و جێ و تخوبێکیی سروشتییان نامێنێتەوە، بۆیە شێرکۆ فراژێك یان هەڵگەڕانەوەیەك لە دونیابینیی شیعریدا دێتە ئاراوە و جۆرێك لە یاخیێتی دایدەگرێت و لە دانانی ناونیشانی ئەم کۆمەڵ شیعرەیدا بڕیار دەدات چیدیکە نیشتمانی نییە و بێبەشە لە نیشتمان لە جوانی نیشتمان، بۆیە دەڵێت: (ئێستا کچێك نیشتمانمە)، واتا کچ جێگەی سروشت، کچ جێگەی حەوانەوەی، کچ جێگەی خۆشنودی، کچ جێگەی مەوتەنی دەگرێتەوە. خودی ئەم دەربڕینە بەسە بۆئەوەی تێبگەین دونیابینیی شێرکۆ بێکەس لە ساڵی نوسین و چاپکردنی ئەم دەقە (2011) چ فراژێکی بەسەر ناوەرۆکی شیعری شێرکۆدا هێناوە و دونیابینیی شیعری شێرکۆ لێرەوە بە چ ئاقارێکدا دەکشێت.

لەم کۆمەڵ شیعرەدا لە چەندین دەربڕیندا ڕەتکردنەوەی مۆنکایەتی لای شێرکۆ لەوپەڕیدایە و بە هەمو توانای زمانی شیعری دژی دەوەستێتەوە، ئەمەش یەکانگیرە لەگەڵ دونیابینیی تیۆری ئەنارشیستی. هەروەکو شێرکۆ دەڵێت:

ئێوارەت باش!
من ناوم (مەترە)یە
مەترەی ئەرز پێوان
بێزارم.. بێزار
ئەوە چەند ساڵە کۆمەڵە دەستێکی نیشتمان
لە بناری ئەو شاخەوە هەتا ناوشار

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ئەمکەنەوە و ڕامئەکێشن
جاری وا هەیە من چەند جار تەواو ئەبم
بەڵام ئەوان ئەرزەکانیان تەواو نابێ! (شێرکۆ بێکەس، 2011: 19-20)

لەم دەربڕینەدا شاعیر زۆر بە ڕژدییەوە کار بۆ دروستکردنی کۆدەنگی دژی ئەم مۆنکایەتیی تایبەتی و داگیرکارییەی زەوی دەکات. دەیەوێت بە هەمو توانای ئەرکی شیعریی خۆی دژی مۆنکایەتیی تایبەت بوەستێتەوە و ڕێگری لێبکات. بۆیە بەم زمانە خێرا و دەربڕینە ڕونەوە، دژی ئەمە دەوەستێتەوە. کە ئەمە خۆی لەخۆیدا نەهجێکی ئەنارشیزمیانەیە و دەرکەوتەکەشی خۆی لە دژایەتیی مۆنکایەتیی تایبەت و داگیرکاریدا دەبینێتەوە.

بۆ درێژەدانی ئەم دونیابینییە یاخێتییەی شێرکۆ، بەوە ناوەستێت و گلەیی لە نیشتمان و فیگەرەکانی دەکات بۆیە دەڵێت:

کە وڵات بو بە چەتەوڵی هەڕەشە و
چی دەرگایە لێی داخستی
ئیتر شتێك نییە لەودا هەرگیز
تۆ پێی بڵێی خۆشەویستی (شێرکۆ بێکەس، 2011: 22)

کە دەبینێت داگیرکەرانی موڵ و ئەرزە لە وڵات بەناوی نیشتمان و نیشتمانپەروەری و خەباتەوە بێسڵەمینەوە هەر ژمارەی مەترەکانیان چەندبارە دەکەنەوە شتێك نامێنێتەوە لای شێرکۆ بەناوی خۆشویستن بۆ ئەو نیشتمانەی، کە دەسەڵاتداران جارێکی دیکە پێناسەی دەکەنەوە. چونکە داگیرکاریی بێشوماڕە. وەك لە وەسفی مەترەدا دەڵێت:

جاری وا هەیە من چەند جار تەواو ئەبم
بەڵام ئەوان ئەرزەکانیان تەواو نابێ!
بێزارم.. بێزار.. بێزار
ژمارەیەکم نییە جەستەی ژان نەکا و
شەوان
نەیکەن بە نانەنان! (شێرکۆ بێکەس، 2011: 20)

بێشوماریی داگیرکاری بۆ مۆنکایەتیی تایبەت و هەتاهەتایی، مەترە چەندجار تەواو دەبێت و بە پانتایی دەرەوەی پێوانەی مەتر زەوی پاوان دەکەن و داگیر دەکەن و هەر تێرنابن، تا ئەو ڕادەیەی ژمارەکانی سەر مەترەش هێندەی پێوانەکاری لە ڕۆژدا، شەوان کەنەفت دەبێت و داگیرکەری زەوییەکان هەر ماندو نابن. لەم کۆپلەیەدا شاعیر بە تووندی و توڕەیی و بێزارییەوە هەستە یاخێتی و ئەنارشییەکەی خۆی بەرانبەر بە دەسەڵاتدارە زەوی داگیرکەرەکان دەردەبڕێت، کە ئەم ڕوبەڕوبونەوە و دژوەستانەوەیەش لەگەڵ ناوەڕۆکی تیۆری ئەنارشیستی یەکانگیرە و ئەنارشیستی دژی مۆنکایەتیی تایبەت دەوەستنەوە و پێیانوایە هەموان خاوەنی ئەم مۆنکانەن، نەك تەنێ چەند کەسێك، کە لە (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا ئەم دەرکەوتەیەی مۆنکایەتیی تایبەت دەرکەوتیەکی زاڵی هەیە.

٢. ٦/ فێمینیزم:

ئەنارشیزم لە خودی خۆیدا ڕەتکردنەوە هەمو جۆرێکە لە دەسەڵات، لە دەسەڵاتی سیاسییەوە، تاکو دەسەڵاتی پیاو لەنێو سیستەمی پیاوسالاریدا، بەجۆرێک لە بەشێکی گرنگ لە مێژوی خۆیدا، تیشکدەخاتە سەر پرسەکانی دادپەروەری نێوان ڕەگەزەکان، بۆیە ئەنارشیزمەکان سەرەڕای بیروبۆچونی جۆراوجۆریان لەسەر فێمینیزم، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پشتوانی و پشتگیری ژنان، لە بەرانبەر سیستەمی پیاوسالاریدا دەکەن. لای ئەوان مرۆڤ بەبێ جیاوازی ڕەگەزی پێویستە مافی ئازادی و یەکسانی ژیانی هەبێت. لەم سۆنگەیەوە '' لایەنگری یەکسانی کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسی بۆ پیاوان و ژنان دەکەن. دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژندا دەبێت هەڵبوەشێنرێتەوە و هەمو کەسێک کۆنترۆڵی ژیانی خۆیان پێبدرێت'' (morpheus, 2003: 7). بەمپێیە ڕوانگەی ئەوان لە مەڕ پرسی ژنان ڕوانگەیەکی ڕادیکاڵە و داوای ئازادی و یەکسانی لە کۆی بوارەکانی ژیاندا (ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی..تاد) لە نێوان ژن و پیاودا دەکات و پێیانوایە مرۆڤ (چ ژن و چ پیاو) بەشێوەیەکی ئازادانە، مافی کۆنترۆڵکردن و بڕیاردانی لەسەر ژیانی خۆی هەیە، نابێت لەژێر ناوی هیچ سیستەم و ئایدۆلۆژیایەکی زاڵ و ستەمگەردا ژن بچەوسێنرێتەوە و خواستەکانی سەرکوت بکرێت.

لەم لایەنەوە بە تایبەت ئەنارشیزمە فێمینیستەکان، پێیانوایە زاڵبونی نێرینە، تەنیا لە حکومەت و دامەزراوە فەرمییەکانەوە نییە، بەڵکو لە هەمو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا دەردەکەوێت، لە خێزانەوە بگرە تا شوێنی کار. ئەوان لەو باوەڕەدان، کە دەسەڵاتی حکومەت و سیستەمی پیاوسالاری پێکەوە کار بۆ چەوساندنەوەی ژنان دەکەن. بۆیە ئەنارشیزمەکان تەنانەت پرسی ئازادی دەبەستنەوە بە ئازادی ژن لە کۆمەڵگەدا.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ئەگەر سەرنج بدەینە ناونیشانی کۆمەڵەشیعری (ئێستا کچێك نیشتمانمە) بە ئاشکرا پیشاندانی پێگەیەکی بەرزی ئافرەتی تێدا دەبیندرێتەوە، بەوەی (کچ) وەك ڕەگەزی مێ، خراوەتە ئاست و پێگەی (نیشتمان)، کە نیشتمان لە دونیابینیی ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ... تاد، خاوەنی بەها و پێگە و مەقامێکی بەرز بوە. تەنانەت هێنانە ئاستی نیشتمان، سەلمێنەری پێگەی بەرزیی ئافرەتە لە دیدی شێرکۆ بێکەس. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر بە وردییەوە نەهامەتی و ئەو ئازارانەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیبوە و هەیەتی خستویەتەڕو.

ئەم کاتەت باش!
من ناوم کۆترە شینکەیە و کچم
ماڵەکەم وا لەو گەڕەکی منارەیە.
من لە پەڕوبااڵی خۆم و لە دەنوکم و
لە ماڵەکەم و گەڕەك و
لە هەمو شتێ بێزارم! (شێرکۆ بێکەس، 2011: 70)

کولتور و ئاین و کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆرجار ئاریشەیەکی هەنوکەیی بوە لە بەردەم ژنی کورد. ئەگەر لەم دەربڕینەی شێرکۆ وردببینەوە بە ڕوونی دەرك بەوە دەکرێت بەردەوام گروپێك هەن لەژێر ناوی ئاین و کولتور و دیدی کۆمەڵایەتییەوە دەچنە تخوبە زۆر تایبەتییەکانی ئافرەت. تەنانەت جوانیی ئافرەت زۆرجار بە دوژمنی دین و نەریتە پیاوسالارییەکان وێناکراوە و بەردەوام جوانییە ڕوخساریەکانی ئافرەت لەلای ئەم گروپانەوە لە ژێر وەهمی پیاوسالارییەوە سەرزەنشتکراوە. بۆیە بێزاریی ئافرەت لە ڕوخساری (پەروباڵ، دەنوك، ماڵ، گەڕەك، تەنانەت هەمو شتێك) ئامادەیی لە دەقەکەدا هەیە.
ئەم وەسفەی شێرکۆ بۆ دژوەستانەوە بەرانبەر مافە تاکییەکانی ئافرەت وردتر دەڕوات پەنجە دەخاتە سەر هۆکارەکانیشەوە:

من گەمەگمی حەرامی ناو ئاین و نیشتمانم
من بۆم نییە دور لەم منارەیە بفڕم!
من بۆم نییە دور لە دەنگی منارەکە
گوێ لە دەنگێکی تر بگرم (شێرکۆ بێکەس، 2011: 71)

لێرەدا هاوارێکی نارەزایی دژی سێگۆشەی (ئاین، نیشتمان، پیاوسالاری) لەئارادایە و ئەم سێ یەکەیە هێز بە یەکتری دەدەن، بۆئەوەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە بازنەیەکی داخراودا بهێڵنەوە. ئەگەر سەرنج بدەین ژن، وەك بونەوەرێك وێناکراوە، تەنانەت دەنگە سروشتییەکەشی، کە بەکوکوختی چوێندراوە (گمەگم) بە حەرام و قەدەغکراو دەبیندرێت. تا ئەو تخوبەی دەنگی ئەفسوناویی ژن، وەك ئارەزوبزێن دەبیندرێت و ڕێ لە دەربڕینیشی دەگیرێت. شێرکۆ بێکەس لەم کۆپلەیەدا لە هەمبەر دۆزی ژن دەیەوێت قەدەغەشکێنی بێنێتەئاراوە.
شێرکۆ ئەم دو چەمکە گەورانە (ئاین و نیشتمان) وەک دو سیستەمی (پیاوسالاری) دەبینێت، کە یەکیانگرتوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ژن. نیشتمان لێرەدا باوەشێکی گەرم نییە، هێندەی قەفەسێکی گەورەیە. لە دەربڕینی: **(من بۆم نییە دور لەم منارەیە بفڕم!)** لێرەدا منارە هێمایە بۆ دەسەڵاتی نێرینە. بەو مانایەی (منارە) تەنیا نمادێکی ئاینی نییە، بەڵکو هێمایەکی ستونییە بۆ دەسەڵات، چاودێری و هەیمەنەی پیاو بەسەر کایەی گشتی و تایبەتیی ژندا.
شێرکۆ لەسەر زمانی کچێك دەڵێت: **(بۆم نییە دور لەم منارەیە بفڕم!)**. ئەمە گوزارشتە لە سنوردارکردنی ئازادیی جوڵە و گەشتکردنی ژن. دەبێت هەمیشە لە ژێر سێبەر و چاودێریی ئەو (منارە)یەدا بێت، کە نوێنەرایەتی یاسا و عورفەکان دەکات، یەکدەنگیی زۆرەملێ و ڕەتکردنەوەی (ئەویدیکە). دێڕەکانی کۆتایی ئاماژە بە کۆنترۆڵی مەعریفی و بیستن دەکەن: **(بۆم نییە... گوێ لە دەنگێکی تر بگرم)**، سیستەمی پیاوسالاری ڕێگە نادات ژن ئاشنای فیکر، جیهانبینی، یان دەنگێکی جیاواز بێت، کە گومان لەو دۆخە هەنوکەییەی دروستبکات. ئەمە جۆرێکە لە (زیندانیکردنی هۆشیاریی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا)، سیستەمەکە دەیەوێت ژن تەنیا یەک دەنگ ببیستێت ئەویش (دەنگی دەسەڵات)، بۆ ئەوەی هەمیشە لە ملکەچیدا بمێنێتەوە.

من ناتوانم قژی خۆم بۆ جادەکان و
بۆ مۆسیقا و بۆ کۆترەشینکە نێرەکان
هەرگیز دەرخەم!
من مێینەی ناو بەهاری قەدەغەم و
شەو و ڕۆژیش

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

لە ژێر چاودێری

دووبینی منارەدام (شێرکۆ بێکەس، 2011: 71)

ئەگەر بە دیدێکی فێمێنیزمی لە سیستەمی پیاوسالاریدا لەم کۆپلەیەی سەرەوە بڕوانین، وادەردەکەوێت جەستەی ژن تەنیا مۆڵکی خۆی نییە، هێندەی دەبێتە پەراوێزی کایەی (سیاسی، ئایینی و کۆمەڵایەتی). (قژ)، کە نمادێکی جەوهەریی هەر ئافرەتێکە، لێرەدا تەنیا بەشێک نییە لە جەستە، بەڵکو هێمایە بۆ ئازادیی ڕادەربڕین و ناسنامەی ڕەگەزی. قەدەغەکردنی دەرخستنی نیشانەی ئەوەیە کۆمەڵگە جەستەی ژن، وەک (سەرچاوەی فیتنە و ئاشوب) یان (ناموس) دەبینێت و دەبێت دایپۆشێت تا سەقامگیریی پیاوان تێکنەچێت.

هەروەها ئاماژەدان بە (**کۆترەشینکە نێرەکان**) زۆر مانای هەیە. لێرەدا شاعیر باس لە دۆخێکی نادادپەروەر دەکات. تەنانەت لە سروشت و ئاژەڵانیشدا، ڕەگەزی نێر ئازادە لەوەی چۆن بێت و چی ببینێت، بەڵام ژن دەبێت خۆی لێ بشارێتەوە. ئەمە ڕەخنەیە لەو پەروەردە کۆمەڵایەتییەی، کە پیاو وەک (ئازاد) و (بینەر) پەروەردە دەکات و ژنیش وەک (داپۆشراو) و (بینراو) پێناسە دەکرێت.

هاوکات دەستەواژەی (**مێینەی ناو بەهاری قەدەغەم**) کێشەیەکی قوڵی فێمێنیستی دەوروژێنێت. بەهار وەرزی گەشانەوە و جوانییە، بەڵام بۆ ئەم کچە، ئەم جوانییە قەدەغەکراوە. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ژن لە لوتکەی جوانی و تواناکانیدا، لەبری ئەوەی گەشەبکات، دەخرێتە ناو قەفەسێکی عورفییەوە. ژن لێرەدا، وەک گوڵێکی ناو حەوشەیەک وێنا کراوە، کە بۆی نییە بۆنی بە جادەکاندا بڵاوبێتەوە.

میتۆلۆژیای چاودێری (دوربین و منارە)، دوربین بۆ بینینی شتی دورە، بەڵام لێرەدا بۆ ناوەوەی ژیانی ژن بەکاردێت. ئەمە دەریدەخات ژن هیچ کایەیەکی تایبەتی نییە و هەمو ژیانی لە ژێر کۆنترۆڵی گشتیدایە.

شێرکۆ بێکەس دەیەوێت باسی (زیندانییەکی کراوە) بکات. ژنەکە لە ناو بەهار دایە، بەڵام جەستە، قژ، جوڵەی لە جادەکان و چێژبینین لە مۆسیقای لێزەوت کراوە. گەورەترین ئازاری ئەم کچەش ئەوەیە هەست دەکات تەنانەت لەناو ماڵ و ژیانی خۆیشیدا، چاوێکی پیاوسالاری لە ڕێگەی (منارە)وە چاودێڕیی دەکات و دەرفەتی (خۆبون)ی پێنادات.

کۆی ئەم ڕوانینەی شێرکۆ بۆ ئافرەت پیشاندانی ئەو نەهامەتی و دۆخە نالەبارەی پیاوسالاریە، کە ژێدەرەکەی (ئاین، کۆمەڵگە، سیاسەت، ... هتد)ە و دوچاری ئافرەت دێت. ئەم ڕوانینەش بریتیە لە ڕوانینێکی فێمێنیستی بۆ ئافرەت، کە ئەمەش یەکانگیرە لەگەڵ دونیابینیی تیۆری ئەنارشیزمی، کە بایەخ بە وەکیەکلێکردنی هەردو ڕەگەز دەدات و نایانەوێت ئافرەت و مافەکانی کەنارگیر بن و دەیانەوێت لەگەڵ پیاو هاوتەراز بن.

ئەنجام

- دەق (ئێستا کچێك نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەس، هەڵگری شەقڵی دژخوازییە، بە ڕادەیەك دەقەکە خەریکی بەرهەڵستی بەرپەرچدانەوەیە، ئەم بەرپەرچدانەوەیەی بوەتە سیما و ئەدگارێکی دیاری دەقەکە. سەبارەت بە دژە دەسەڵاتخوازی شاعیر بە زمانێکی خێرا بەشێوەیەکی بەرفراوان مژوڵی دەربڕینی شیعرەکە، کە ناوەڕۆکەکەی هەڵگری گیانێکی دژە دەسەڵاتخوازییە و بەشێکی بەرچاوی گێڕانەوەسازی و کارەکتەرسازییەکەشی هەر چوەتە بواری دژە دەسڵاتخوازییەوە.
- پرسی ئازادی لە مژارە دیار و بەرچاوەکانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)یە و پرسی ئازادی پرسێکی گرنگ و بەرچاوی شاعیرە و بە وردییەوە هەوڵی پیشاندان و ڕەوایەتیدانی پرسی ئازادی داوە و ئەم بابەتی (ئازادی)یە هەم بەشێك و ئەرکێکی دیاری شیعرییە و هەمیش پرسێکی تیۆری ئەنارشیزمییە، کە جەخت لەسەر پرسی ئازادیی تاك دەکەنەوە و پرسی ئازادی لە (ئێستا کچێك نیشتیمانمە)دا پرس و بابەتێکی گرنگ و لا لێکراوەیە و شێرکۆ بێکەس ئەم پرسەی لەم دەقە شیعرییەدا بە وردییەوە خستوەتەڕو. تا ئەو ڕادەیەی دەقەکە لەسەر بنەمای (پرسی ئازادی) لە بۆتەی خستنەڕوی بابەتی (سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، ... هتد)، بە ورد و ڕژدییەوە ڕەنگڕێژکراوە.
- بابەتی خۆبەڕێوەبەری و هاوبەشی پرسێکە ئامادەییەکی خێرای لە دەقەکەدا هەیە و شاعیر لە پرسی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی و داگیرکاری و چەتیی سیاسەتی سیاسەتوانانی کوردیدا، ئەم مژارەی لا لێکردوەتەوە و کەشێکی ئازادانە و خۆبەڕێوەبەری لە بەشێکی گێڕانەوەکاندا ئامادەیی هەیە. کە هەمیشە کاری پێکەوەیی و هەرەوەزی یەکێکە لە نەهجە دیارەکانی ئەنارشیزمی دژی هەر هێرشی ئۆردویەکی ئایدۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە لە نێو دونیای سیاسی و کارگێڕیی نیشتماندا بونێکی حەتمی هەبوە.
- یەکسانیخوازیی ڕادیکاڵی یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی تیۆری ئەنارشیزمی. ئەم بابەتەش لە (ئێستا کچێك نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەسدا لە چەند شوێن و گێڕانەوەیەکدا دەرکەوتەی هەیە و شاعیر جەختکەرەوەی بابەتی یەکسانیخوازییە و پێیوایە دەبێت مرۆڤەکان یەکسان و ئازادبن و دور بن لە هەرکۆت و بەندێك و هەر نائازادییەك، کە لە ژێر هەر ئایدیۆلۆژیایەکدا دێتە ئاراوە.

- یەکێك لە پرسە دیار و بەرچاوەکانی گێژانەوەکانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەسە، بریتییە لە پرسی مۆڵکایەتیی تایبەت. شاعیر بە ڕژدییەوە کاری لەسەر ڕەتکردنەوەی مۆڵکایەتیی تایبەت و داگیرکاریی مۆڵکایەتی کردوەتەوە لای سیاسی و دەستڕۆیشتوانەوە. ئەم بابەتە پرسێکی هەنوکەیی و دیاری نێو گێژانەوەکانە و لە چەندین گۆشەوە شاعیر بەوپەڕییەوە دژی مۆڵکایەتیی تایبەت وەستاوەتەوە و لەسەر زمانی چەندین گێڕەرەوەی واقیعی و ناواقیعی (کیسەڵ، مەترە، کۆترەشینکە، کورسی، کەروێشك، ... تاد)یش ئەمەی خستوەتەڕوو، ئەم پرسەش پرسێکی دیاری تێۆری ئەنارشیستییە.
- پرسی پیاوسالاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردی تا ڕادەیەك پرسێکە بونێکی حەتمی هەبوە و هەیە. ئەمەش هۆکاری سەرنجڕاکێش بوە تا ئەم پرسە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا دەرکەوتەی هەبێت و لای لێکرابێتەوە. ئەم پرسەی لە (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا پرسێکی حەتمییە و شاعیر بە وردی و چڕییەوە کاری لەسەر مافی ئافرەت و پێگە و مەقامی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا کردوە. دژی هەر تێڕوانینێکی نەرێی سیاسی و ئایدۆلۆژیای دینی لە بەرانبەر دۆز و مافی ئافرەت وەستاوەتەوە و ئەم دیاردەیەش بە زەقی لە (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا ڕەنگیداوەتەوە. شێرکۆ بێکەس بە وردییەوە ئاوڕی لەم پرسە داوەتەوە و (ڕۆزانا)ی کارەکتەرییشی کردوەتە چەقی ئەم پرس و بابەتە.

سەرچاوەکان:

بێکەس، ش. (٢٠١١) ئێستا کچێك نیشتمانمە، چاپی یەکەم. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

فتاح، ڕ. ع. (٢٠٢٥) دۆخی ئەنارشیزم لە سیستەمی نێودەوڵەتی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ماوەی ساڵانی ٢٠١١- ٢٠٢١، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە: 4 vol. 29 no.، هەولێر.

پازارگاد، ب. (١٣٤٤) مکتب‌های سیاسی و فرهنگ مختصر عقاید و مرام های سیاسی .تهران: انتشارات اقبال.

علیزاده، ح. (١٣٧٧) فرهنگ خاص علوم سیاسی .چاپی یەکەم. تهران: انتشارات روزنه.

لیپست، س. م. (١٣٨٣) دایرة المعارف دموکراسی .بەرگی ١. وەرگێڕانی ک. فانی و ن. مرادی. تهران: کتابخانه تخصصی وزارت خارجه.

هیود، ا. (١٣٨٥) مفاهیم کلیدی در علم سیاست .وەرگێڕانی ح. س. کلاهی و ع. کاردان. تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.

Heywood, A. (2017) Political Ideologies: An Introduction. 6th edn. London: Palgrave.

Hunt, T. (2010) The Origin of the Family, Private Property, and the State. London: Penguin Classics, p. 97.

Donahue, J., Kohn, E., Medina, I., Davin, Z. and Hlotyak, C. (2023) Anarchist (Anarcha) Feminism. Connecticut College, pp. 20–27.

Nozick, R. (1974) Anarchy, State, and Utopia. Oxford: Blackwell Publishers Ltd.

Shantz, J. (2012) Against All Authority: Anarchism and the Literary Imagination. Exeter: Imprint Academic.

هەژێن، ئەنارشیستانی کوردیی-زمان تکایەکی هاوڕێیانە لە خۆم و لە ئێوەش!، بەردەستە لە: https://dengekan.info/archives/11292 ڕێککەوت: (١٩- ٩- ٢٠٢٥).

چاوی کورد (chawy kurd) (٢٠٢٤)) فەلسەفەی ڕاستەقینەی ئانارشیزم، بەردەستە لە: https://chawykurd.com/2024/03/27/ ڕێککەوت (٦- ٨- ٢٠٢٥).

محمدی، محمد (١٣٩٣) آنارشیزم، موجود است: http://pajoohe.ir/product.aspx?productid=28195#_ftn1 ڕێککەوت (٣- ٨- ٢٠٢٥).

Goldman, E. (1914) The Social Significance of the Modern Drama. New York: Mother Earth Publishing Association. Available at: https://www.gutenberg.org/files/43490/43490-h/43490-h.htm#Foreword (Date: 27-02-2026).

Roberts, J.T.F. (2023) 'The First Anarchist: Who Was Pierre-Joseph Proudhon?'. Available at: https://www.thecollector.com/who-was-pierre-joseph-proudhon/ (Date: 03-08-2025).

Diehl, K. (2021) 'The Theory of Anarchism'. Available at: https://www.marxists.org/subject/anarchism/karl-diehl/1911/the-theory-of-anarchism.html (Date: 09-08-2025).

Romanos, E. (2022) 'Anarchism'. Complutense University of Madrid. Available at: https://www.researchgate.net/publication/368360240 (Date: 09-08-2025).

Tutor2u (2019) 'Pierre-Joseph Proudhon (1809-1865)'. Available at: https://www.tutor2u.net/politics/reference/pierre-joseph-proudhon-1809-1865 (Date: 30-08-2025).

Ruthless Criticism (?) 'Criticism of Anarchism'. Available at: https://www.ruthlesscriticism.com/anarchism.htm#[1]b (Date: 18-09-2025).

Morpheus (2003) 'Basic Principles of Anarchism'. Available at: https://theanarchistlibrary.org/library/morpheus-basic-principles-of-anarchism (Date: 19-09-2025).

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

پەراوێز:

[i] . **میوتۆئەلیزمی پرۆدۆن:** یەکێکە لە بنەڕەتیترین تیۆرەکانی فەلسەفەی سیاسی و ئابووری، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەمانەبون: (میۆتۆئەلیزمی ئابووری، لێرەدا بڕوای وابو دەبێت کرێکاران هاوکاری یەکتربکەن بەبێ سو و قازانجی سەرمایەداری)، دژایەتی مۆڵکایەتی تایبەت پرۆدۆن دژی ئەوە بو کە سەرچاوە سروشتییەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە دەستی کەمینەیەک دابن)، فیدرالیزم و یەکسانیخوازی).